Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (2), pp. 507–533
http://www.ijoks.com

# Kurdish Literary Movement in Baghdad City"1958 -1975"

*Azad Ubed Sallih*[1] *Hoshang Salih Muhamad Shari-AL-Najar*[2]

**Received**: Jan24, 2018 **Reviewed**: Feb 18, 2018 **Accepted**: Mar25, 2018

## Abstract

Baghdad city is considered as one of the most prominent places for Kurdish intellectual movement. Residing the Kurds in Baghdad has a deep-rooted history that belongs to the stage of pre-establishing Iraq as a state and recognizing Baghdad as its capital; this basically associates with many historical and geographical factors. The geographical factor is one of the noticeable factors that are related to the closeness of Kurdish territories to Baghdad. However, the intellectual group among the residents has had a crucial role in establishing the intellectual movement at the city. Along with its long history, the movement has also been impacted by so many political events after the establishment of Iraq. The 1958 revolution, for instance, created an environment where freedom of publishing and expressing national and political opinions has been liberated. This had its own reflection on a variety of aspects in Kurdish language and literature. Following the outbreak of Kurds' September revolution in 1961, there were still some literary activities existed in the city, like continual issuing of some intellectual magazines, such as Hiwa (1957-1963) and Ronahi (1960-1962). However, between 1963 and 1967, the Kurdish intellectual movement faced a harsher circumstance; The Kurdish Victory Club, Hiwa Magazine, and the majority of the Kurdish magazines and newspapers were closed, a few number of Kurdish books and booklets were printed, and The Department of Kurdish at College of Arts was threatened with closure. Between 1967 and 1970 a suitable political situation was attained for the Kurds, as a result of the treaty negotiated in 1966 between the Iraqi government and Kurdish presidency. The issuance of each Brayi (Al-Ta'khi) newspaper in 1967 and 1968 and Bayan magazine in 1969 was the output of that political change. As of the 1970 Treaty, a new stage was achieved for Kurdish intellectual movement. This stage is considered as a golden era in reliving different aspects of Kurdish intellectual.

[1] (A.P.Dr), Lecturer, Department of History, of College of arts, Salhaddin University-Arbil, Kirkuk Road, KRG., Iraq, E-mail: azad.salih3@su.edu.krd
[2](A.T), Lecturer, Department of History, of College of arts, Salhaddin University-Arbil, Kirkuk Road, KRG., Iraq, E-mail: hoshang.muhammad@su.edu.krd

The city of Baghdad hosted a wide range of this progress, even, to a great extent, became the center of evolution for Kurdish intellectual movement.

**Keywords:** Kurdish Intellectual Movement, Bagdad, Kurdish Literary Movement

**Recommended citation:**

Sallih, U. S. & Al-Najar, H.S.M.S., (2018). Kurdish literary movement in Baghdad City"1958 -1975". *International Journal of Kurdish Studies* 4 (2), 507 – 533.doi: **10.21600/ ijoks.454473**

# بزاڤی ئەدەبی کوردی لە شاری بەغدا
# 1958-1975/ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویيە

ئازاد عوبێد ساڵح هۆشەنگ ساڵح نەجار

**پوختە:**

شاری بەغدا بە یەکێك لە پێگە سەرەکییەکانی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردیدادەندرێت. نیشتەجێبوونی کوردان لە شاری بەغدا مێژووییێکی درێژی هەیە، دەگەڕێتەوە پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و بوونی شاری بە غدا بە پایتەختیی، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، گرنگترینیان هۆکاری جوگرافییە ، کە پەیوەندی هەیە بە نزیکی ناوچە کوردییەکان بە شاری بەغداوە. هەروەها هۆکاری مێژووییش ڕۆلی خۆی گێڕاوە . نیشتەجێبوونی کوردان لە شاری بە غدا، بەتایبەت بژاردە ڕۆشنبیرەکە، ڕۆلێکی کاریگەرییان لە دروستبوونی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لە شارەکەدا گێڕا.

ئەم بزاڤە ئەگەرچی ڕیشە یەکی مێژوویی دوورتری هە یە، بە لام لە دوای دامە زراندنی دەوڵەتی عێراق، ڕووداوە سیاسییەکانییش ڕەنگدانەوەیان بەسەر پەرەسەندنی بزاڤەکە هەبوو . وەکشۆڕشی چواردەی تەمموزی 1958، کەجۆرێك لە ئازادی لە بواری نووسین و بلاوکردنە وەی بیروڕای سیاسیی نەتەوەیی ە ێنا پێشەوە، ڕاستەوخۆ لە سەر بەشەکانی ئەدەب و زماندا ڕە نگی دایەوە. لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئە یلوول (1961)یشدا، ئەگەرچی شۆڕشی کورد لە ئارادا بوو، کەچی هێشتا هەندێ جموجۆڵی ئە دەبی لە شارەکەدا ترووسکاییان دە بەخشی، وەك بەردەوامی دەرچوونی هەندێ بڵاوکراوەی ڕۆشنبیریی وە ك گۆڤارە کانی (هیوا 1957-1963) و (روناهی 1960-1962). بەڵام لە نێوان ساڵانی (١٩٦٣-١٩٦٧) دا،بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لە شاری بە غدا، دووچاری دۆخێکی خراپـتر لە جاران هاتەوە. (یانەی سەرکەوتنی کوردان) و گۆڤلوەکەی (هیوا) و زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان داخران. تەنانەت ژمارەیەکی کەم کتێب و نامیلکەی کوردی چاپ کران، بەشی کوردیی کۆلێژی ئەدەبیاتیش کەوتە ژێر هەڕەشەی داخستن. لە نێوان ساڵانی (١٩٦٧-١٩٧٠) دا، دۆخێکی سیاسیی گونجاو بۆ کورد هاتە پێشەوە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتننامە بوو کە لە حوزەیرانی ساڵی 1966دا، لە نێوان سەرکردایەتیی کورد و حکوومە تی عێراقی بەدەست هاتبوو. دەرچوونی ڕۆژنامەی (التأخی-برایی) لە سالانی (1967-1968) وگۆڤاری (بەیان) ساڵی 1969دا، نموونەی ئە و بوژ انەوەیە بوون.بە ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی 1970، قۆناغێکی تازە بۆ بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی هاتە پێشەوە . ئەم ماوەیە بە قۆناغی زێڕین و گە شانەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە هەموو ڕووێکەوە دادەندرێت. شاری بە غدا بەشێکی گرنگ و دیاری ئە م گەشانەوەیەی بەرکەوت. تەنانەت لە زۆر ڕووەوە ببووە چەقی گەشەسەندنی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی.

**پێشەکی:**

لێکۆڵینەوە لە مێژووی ڕۆشنبیریی، بەشێکی سەرەکی لە مێژووی هەر نەتەوەیەك بە شێوەیەکی سەرەکی پێك دە هێنێت، یەکێك لە گرنگترین ئەو لایەنانەی کە ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگاکانی جیهانی بەرەو پێشەوە بردووە، بایەخدان بەلایەنی ئەدەبی ئە و کۆمە ڵگایە بووە. شۆڕشی چوارده ی تە مووزی 1958، کاریگە ریی لە سەر بواری ئە دەب (شیعر و چیرۆك)یشدا دروست کرد، ئەو کرانەوە سیاسییەی بە هۆی شۆڕشەوە لە بەردەم نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورددا فەراهەم بوو لە لایەك و دە رچوونی ژمارە یەکی زۆری ڕۆژنامە و بلاوکراوە بە زمانی کوردی و زۆربوونی چاپە مەنییە کوردییەکان لە لایەکی دیکەوە، دەرگایەکی تازەیان لە بەردەم گەشەسەندنی بواری ئەدەبیدا کردەوە.

سالانی نێوان (1961-1963)دا، هێشتا هەندێ کاریگەریی شۆڕشی چواردەی تەمموز بەسەر بابەتە ئەدەبییەکانی ئەم ماوەیەدا دیار بوو، ئە مە لە کاتێکدا ئەم قۆناغە لە کوردستاندا بە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول سەرەتای ئەدەبی شۆڕشگێڕیی دادەندرێ. لە قۆناغی (1963-1967)دا، بەهۆی کزبوونی بزاڤیی ڕۆژنامە گەریی و چاپەمەنیی کوردی، بواری ئەدەبیش دووچاری لاوازی و وە ستان هاتەوە. بەڵام لە نێوان ساڵانی (1967-1970)دا، باری ئە دەبیی کوردی جۆرێك لە بوژانەوەی بە خۆیەوە بینی، ساڵی 1967 ڕۆژنامەی برایی بە شێوەی ئاشکرا لە شاری بە غدا دەرچوو، بایەخدانی ڕۆژنامەکە بە ئەدەب و بلاوکردنەوەی بەرهەمیی ئەدەبی ڕۆشنبیرانی کورد بەتایبەت (شیعر و چیرۆك)، باری ئەدەبیی کوردی ئە و قۆناغە ی بە جموجۆڵ خستەوە. لە نێوان ساڵانی 1970-1974دا، باری ئە دەبیی کوردی وە ك سەرجەم بوارەکانی دیکە، لە ڕووی ناوەڕۆك و هونەریی نووسینەوە، گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، دەکرێ ئەم قۆناغە بە قۆناغی گەشانەوە ناو ببرێت.

ماوەی توێژینەوەکە بە ساڵی 195٨ دەست پێدەکات، ئەو ساڵەی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی تێدا هەڵگیرسا ، هەروەها بە ساڵی 1975 کۆتایی دێت کە ساڵی نسکۆی شۆڕشی کوردە ، بێگومان کاریگەری لە سەر بواری ئەدەب و بوارەکانی دیکەی ڕۆشنبیریی کوردی بە گشتی دروست کرد.

ئەم توێژینە وەیە لە سێ تەوەر پێکهاتووە . لە تەوەری یە کەمدا: ( کوردانی شاری بەغدا و گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی)، باس لە سەرەتاکانی دروستبوونی بزاڤەکە و ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی کورد لە دروستکردنییدا کراوە. لە تەوەری دووەمیشدا: (باری ئەدەبی کوردی لە شاری بەغدا 1958-1970)، ڕەوشی کار و چالاکییە ئەدەبییەکانی ئەو قۆناغەی کوردانی بەغدا و ئەو هە نگاوانەی دام و دەزگا و ڕۆشنبیرانی کورد سەبارەت بە بزاڤی ئەدەبی کوردی هاویشتوویانە خراونەتە ڕوو. لە تەوەری سێیەمیشدا: (بلوی ئەدەبی کوردی لە شاری بەغدا 1970-1975)، گرنگی ئەو قۆناغەو دەسکەوتەکانی لە بواری ئەدەبییدا و خراپ بوونی دۆخەکە لە ساڵی ١٩٧٤دا، دەخاتە ڕوو.

سەرچاوەکانی بۆ ئەم توێژینەوەی بەکارهاتوون چەند جۆرێکن، یەکێك لەوانە بریتییە لە کتێبەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عە رەبی لە و کتێبانە ش وە ك هەردوو کتێبەکەی مستەفا نە ریمان بە ناوی (ببلیۆگرافیای کتێبی کوردی ) و(ببلیۆگرافیای ڕۆژنامەی هاوکاری ) و (مێژووی ئەدەبی کوردی )ی دکتۆر مارف خەزنەدار، (ڕۆژنامەی برایی-برایەتی "1967-1974"ی ڕۆڵی لە پێشخستنی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا )ی ئاریان ئیبراهیم ، کە گەلێك زانیاری گرنگیان دەربارەی بواری ئەدەبی گرتوتە خۆ. جۆرێکی دیکە لە سەرچاوەکان گۆڤار و ڕۆژنامە کانن کە بەزمانی کوردی و عەرەبی لەو ماوەیەدا بلاوکراونەتەوە، گەلێك زانیاری بە سوودیان دەربارەی دەزگاکە و کار و چالاکییە کانی گرتوتە خۆ، گرنگییەکەشیان زیاتر بۆ ئە وە دەگەڕێتەوە کە خۆیان هاوسەردەمی کاری دە زگاکە بوون و چالاکییە کانیان تۆمارکردووە، لەوانەش وەك گۆڤاری (ەیوا) و ڕۆژنامەکانی (خەبات) و (ڕوناهی) و (تونن) و (برایی) و (هاوکاری) و (برایەتی) و (کۆلێچی ئەدەبیات). هەروەها سەرچاوەیەکی دیکەی بەکەڵک بۆ توێژینەوەکە، چاوپێکەوتنە تایبەتییەکانن کە

لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ناسراوی کوردی ئەو قۆناغە ئەنجام دراون وەک: عەبدوڵلا عەباس و عەبدولڕەزاق بیمار و کاکە مەم بۆتانی و مومتاز حەیدەری.

**وشە کلیل: شاری بەغدا، ڕۆشنبیری، ئەدەبی کوردی، چالاکی، ڕۆژنامە و گۆڤار.**

**تەوەری یەکەم. کوردانی شاری بەغدا و گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی:**

نیشتەجێبوونی کوردان لە شاری بەغدا مێژوویێکی درێژی هەیە، دەگەڕێتەوە پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و بوونی شاری بە غدا بە پایتەختیی، ئەمەش بۆ چە ند هۆکارێك دە گەڕێتەوە، گرنگترینیان هۆکاری جوگرافییە ، کە پەیوەندی هە یە بە نزیکی ناوچە کوردییەکان بە شاری بە غداوە.هەروەها هۆکاری مێژووییش ڕۆلی خۆی گێراوە ، بەتایبەت کەوا شاری بە غدا هەر لەگەڵ دروستبوونییدا کراوە بە پایتەختی دەوڵەتی عەباسی، ئیتر ە ەر لەو کاتەوە بۆتە پێگەیەکی گرنگی سیاسی و ئابووری، کوردان بە مەبەستی ڕاییکردنی کارە کانی ژیانیان ڕوویان تێکردووە ، تەنانەت دوای نیشتە جێبوونیان ڕۆلی گرنگییان لە بوارەکانی سە ربازیی و کارگێڕیی و ئابووری و زانستیی تێیدا گێڕاوە(توفیق،٢٠١٢، ل ١١١-١١٥). بۆ زیاتریش ڕوونکردنە وەی ئەم لایەنە و هۆکارەکانی نیشتەجێبوونی کوردان لە شاری بەغدا (بەتایبەت لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق 1921)، هەڵوەستە لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە دەکەین:

**1- بژاردەی ڕۆشنبیرانی کورد:**

ئەم بژاردەیە زیاتر ئەو ڕۆشنبیر و فەرمانبەر و ئەفسەرە کوردانە دەگرێتەوە، کە هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن(کاکە سوور، ٢٠٠٠،ل١٣-١٤)، یان بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، ڕوویان لە شاری ئەستەنبۆڵی پایتە ختی دە وڵەتی عوسمانی کردبوو، یاخود لە ناوچە جیاجیاکانی دە وڵەتی عوسمانییدا خزمە تی کارگێڕی و سە ربازییان بە جێ دە هێنا. دوای تە واوکردنی خوێندنیش بە شێکیان پلە و پایە یان بەدەستهێنابوو. لە دوای دروستبوونی دە وڵەتی عێراق (1921)، گەڕانەوە ولات و هە ندێك لەوانە لە شاری بە غدای پایتەختدا نیشتە جێ بوون(î). ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هە میشە پایتەخت بە هۆی بوونی داموده زگا و پلە وەزیفییە بالاکان و دە زگاکانی کارگێڕی، ناوە ندێکە بۆ کۆکردنە وەی بژاردە کانی کۆمە ڵگە. بۆیە ئەو شارە یان کردە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان، دیارترین ئە و کەسانەش وەك: ئیبراهیم عاسیم حە یدەری(حەیدەری و ئەوانیتر ، ٢٠١٤، ل٩٨٥-٩٨٧)و محەمەد ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق وە هبی بەگ(1889-1984)، ساڵح زە کی ساحێبقڕان(1886-1944)، داود حەیدەری(1886-1965) ( بابان، 2006، ص 194، 296، 402، 667)، مستە فا شە وقی(1893-1938)، بە کر سیدقی(1890-1937)( کاکە سوور، ٢٠٠٠، ل 83-96)، ڕە شید شە وقی(1893-1967)، ئیسماعیل حە قی شاوەیس(1896-1976)(ساڵح و ئەوانیتر، 2001، ل73-83). بەشێکی دیکەی بژاردەی ڕۆشنبیری کورد ئەوانە بوون کە هەر لە زووەوە (پێش دروستبوونی دە وڵەتی عێراق) لە شاری بە غدا نیشتەجێبوون و خوێندنیان لە وێ تەواو کردبوو، پلەوپایەی گرنگییان بە دەستهێنابوو، لە گەڵ ئە وەشدا بە شدارییێکی کارایان لە بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی ئە و سەردەمەدا ە ەبوو، لەوانەش وەك: عەبدوڵلا موخلیس بەگ(1859-1941)( ئۆمەر،٢٠٠٧،ل٦٦)، حەمدی بابان(1870-1960)، شوکری فە زڵی(1882-1936)، مە عرووف جیاووك (1885-1958)، بەشیر موشیر (1888-1963)، خەلەف شەوقی داودی (1898-1939)، عە بدوڵلا لوتفی (1896-1974)(بابان، ٢٠٠٦، ج 1، ص 164، 284، 376، 450، 820.). بەشێکی دیکەی ئەو ڕۆشنبیرانە ئەوانە بوون، کە دوا بە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، بە هۆی وەزیفە و کاروباری میری، یان بە هۆی کاری سیاسی و پارتایە تی یان بە هۆی کارکردن لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانەوە، لە کوردستانەوە ڕوویان لەو شارە کردبوو، بە شێك لەوانە بوونە وەزیر و ئە ندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق وە ك:

دكتۆر شوكری سه گبان(1881-1960)، سەبیح نه شئەت(1882-1929) ( هۆمەر،٢٠٠٧،ل53-60)، ئیسماعیل به گی ڕەواندزی(1895-1933)، حازم شه مدین ئاغا (1901-1952) و سه عید قه زاز(1904-1959)، عه لی حه یدەر سلێمان(1905-1991) (محمد، 2014، ل45). بەشێكی دیكەی بژاردەی ڕۆشنبیرانی كورد ئه وانەبوون كه له دامودەزگا حكوومییەكاندا كاریان ده كرد، یان به هۆی كاری سیاسی یان كاری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامه وانی یان بۆ بژێوی ژیان، ڕوویان لەو شاره كردبوو تیایدا نیشتەجێ بوون، لەوانه وەك: مەحموود جەودەت(1889-1937)، محەمەد ئەمین یومنی-خۆشنووس(1888-1974)، ڕه فیق ح یلمی(1898-1960)، حوسێن حوزنی موكریانی (1891-1948)، مسته فا سائیب(1904-1980)، ئه حمەد شوكری (1908-1989)، عه بدولقادر قه زاز(1912-1992)، كامیل كاكه مین(1913-1978)، ئیبراهیم ئەحمەد(1914-2000) (بابان، 2006، ص254- 325، 691- 790، 970)

**2-پێگەی ئابووری شاری بەغدا:**

شاری بەغدا بەرلەوەی ببێته پایتەختی دەوڵەتی تازەی عێراق، خاوەن پێگەیەكی گرنگی ئابووری بوو. هەر لەسەدەی هەڤدەمەوە گەڕۆكه ڕۆژئاواییەكانی وه ك: كارستن نیبۆری دانیماركی (1733-1815) له ساڵی 1766 دا (الالوسي، 2012، ص153) و سیستینی ئیتاڵی له ساڵی 1781دا (فوسیل، 1968، ص43)، جۆن ئاشەری ئینگلیز له ساڵی 1864 دا (الخياط، 2007، ص 147)، باسی فراوانی بازاڕ و خان و كاروانسه را و شوێنه بازرگانییەكانی ئه و شاره یان كردووه(زانا،1980، ل25). له ڕووی بازرگانیشەوه گەڕۆكێكی وه ك (ئادریان دوبریه)ی فەڕەنسی له گەشتنامەكەیدا كه له سەرەتای سەدەی نۆزدەدا(1807-1809) بۆ ئەو شارەی كردووه، ئاماژه بەوه دەدات كه شاری به غدا به هۆی پێگه جوگرافییەكەیەوه بووەته ناوەندێكی ئاڵوگۆڕی بازرگانی (ناردن و هاوردن ) لەگەڵ ولاتانی ئه ورووپا و ناوچه عەرەبنشینەكان و هیندا (دوبریه،2011، ص141). (سیستنی)یش كه له سەروبەندی والیێتی مه دحەت پاشا (1869-1872) دا هاتۆته عێراق ئاماژه به فراوانی و پاكوخاوێنی بازاڕه كانی ئەو شاره دەدات(فوسیل، 1968، ص43-44). ئەمەش هۆكارێك بووه، تاوەكوو خەڵكانێك له ناوچەكانی دیكەوه له پێناو كاركردن و ده ستخستنی بژێوی ژیانیان، ڕووی تێ بكەن، بەشێك له خێزانه كوردەكانیش بۆ هەمان مەبەست ڕوویان تێكردووه.

له دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیشدا، ئەو گرنگییه ئابوورییەی شاری بەغدا بەردەوامی هەبوو، ئەمەش وایكرد ژمارەیەكی زیاتری كوردەكان بۆ كاركردن ڕووی تێ بكەن و له چەند گەڕەكێكی ئەو شاره نیشتەجێ بن، لەو گەڕەكانەش وەك: تەپپەتوولكورد و فەزڵ و گەڕەكی تەسابیل و بابولشێخ و جەنابی و بەتاوین و ئەبوسێفێن و چەند گەڕەك و شوێنێكی دیكەی ئەو شاره(العلوي،2009، ص442). هەروەها بازاڕێكی وه ك شۆریجه زۆربەی زۆری خه ڵكەكەی له كورده فەیلییەكان (îî) بوون، كه به ئازایەتی و بەهێزییان لەكاركردندا ناویان دەركردبوو(بغدادي، 1998، ص137).

هەندێك له كوردانیش بەهۆی گرنگیدانیان به كاری بازرگانییەوه، توانیوویان سامانی گه وره بەیەكەوه بنێن و ببنه نموونەی بازرگانی ناسراوی شاره كه، لەوانەش وەك ئه حمەد ئاغا كه ركووكلی زاده(1881-1971) و سه بری حاجی عەلی ئاغا (1894-1957) و عه بدوڵلا لوتفی (1896-1974) برای كه له بیستەكانەوه كۆمپانیای ڕافیده ینیان بۆ بەرهەمهێنانی جگەره دامەزراند و به یەكێك له كارگه یەكەمینەكانی ئەو شاره دادەندرێ، شوێنەكەی كەوتبووه ناوەڕاستی شەقامی (جمهوری) كه ئەوسا پێیان دەگوت (عەباخانه) (جمال بابان، 2006، ص84، 408، 450). یەكێكی دیكه لەوانه ڕەشید عارف (1904-1982) بوو، كه خاوەنی كۆمپانیای (رشيد عارف وشركاءه ) بووه، یه كێك بوو له كورده دەوڵەمەندەكانی شاری به غدا(توفيق، 2010، ل176 وخەیلانی، 2014، ل36). هەروەها كورده فەیلییەكانیش له بازاڕی شۆریجه و شوێنەكانی تردا ناوبانگیان به لێهاتوویی لەكاركردن و بازرگانییدا پەیداكردبوو، لەوانەش وەك: سادق قەپانچی

فەیلی، حە سەن و حوسێن قە پانچی، حاجی ئیبراهیم و محە مەد عە لی فە یلی، کە بازرگانیی ڕایە خی ئێرانیان دەکرد(بغدادي، ١٩٩٨، ص134، 139).

**3-خوێندن:**

یەکێك لە هۆکارەکانی نیشتەجێبوونی کورد لەشاری بەغدا بەمەستی تەواوکردنی خوێندن بووە، ئەمەش تەنها خوێندنی فەرمی ناگرێتەوە، لە پێش ئەمەشدا بە مەبەستی خوێندنی ئایینی کوردان ڕوویان لە و شارە کردووە و لەسەر دەستی زاناکانی ئە وێ خوێندوویانە لەوانەش وە ك: مەلا ئە بوبەکری عوسمانە فەندی(1778-1855)، حە سەن عە بدوڵلا قەرەداغی(1897مردووە)، مەلا حوسێنی پشدەری(1811-1905)، کوڕەکەی مەلا مەعرووف(1858-1926)، ئیبراهیم عاسیم حە یدەری (بەحرکەیی، 2010، ل 21، 38، 270، 298)، مە لا عە بدولکەریمی مودە ڕیس(1905-2005) و عەلائەددین سەجادی(1907-1984)(بابان، ٢٠٠٦، ص480، 510)، هەندێك لەو زانایانە هەرخۆیان لە شارەکە لە دایك بوونە هەر لە و شارەشدا خوێندوویانە و پاشان بوونە تە نموونەی زانای ناوداری شارە کە، لە قوتابخانە ئایینیەکاندا قوتابییانیان پێگە یاندووە و لە هەمان کاتدا پلە و پایە ی کارگێڕیشیان بە دەستهێناوە، لە وانە وەك: سەفائەددین عیسا بەندەنیجی(1788-1866)(ڕۆوف، 2009، ص 9)، ئیبراهیم سیبغە توڵلای حەیدەری(1819-1882)، ئیبراهیم محە مەد بەرزنجی(1853ز مردووە)، مەلا محەمەدی کوڕی و سەید عەبدوللای کوڕەزای (بەحرکەیی، 2010، ل14، 29).

لەتەك ئەمەدا خوێندنی فە رمیش بە تایبەت لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا هۆکارێکی دیکە ی ڕووتێکردنی قوتابییانی کورد بوو بۆ شارە کە، بەتایبەت ئەگەر ئەوەش بڵێین کەوا شاری بە غدا هەر لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، چەند قوتابخانەیەکی فەرمی تێدا کرابووە وە، لەوانەش وەك: قوتابخانەی ڕووشدییە ی مەدەنی و ڕووشدییە ی سەربازی و ئە عدادی سەربازی(النجار، 1991، ص 417-420)، (کە هەندێك لەو جۆرە قوتابخانانە لە شارەکانی کوردستانیش لە هەمان کاتدا، کرانەوە) (کاکە سوور، ٢٠٠٠، ل11-18).

دوای ئەوانەش هەندێك فێرگەی بالا کرانەوە، وەك فێرگەی (ماف-حقوق) لە ساڵی 1908دا، کۆلێژی ئەعزەمییە کە کۆلێژێکی تایبەت بە زانستە ئیسلامییەکان بوو لە حوزەیرانی ساڵی 1911 دا. لە مانگی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا، بەردی بناغەی (خانەی مامۆستایان)یش داندرا (النجار، ١٩٩١، ص420).

لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیش (1921)دا، شاری بە غدا بووە ناوەندێکی ئەکادیمیی گرنگ بۆ هە موو عێراق، هەر لە بیستەکانەوە تاوەکوو دامەزراندنی زانکۆی بە غدا لە ساڵی 1957دا، چەندین کۆلێژ و خانە ی بالای لە بوارە جیاوازەکانەوە تێدا کرایەوە (محمود و کامل، 2003، ص 315-438؛ جامعة بغداد، 1960، ص 6-12.)، کە قوتابیان لە دوای دەرچوونیان لە قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوە ندییدا، پەیوەندییان پێیانەوە کردووە، لە تەك خوێندن و بایەخدان بە ئەرکەکانی ناوە ندەکە، بەشداریيان لە بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیری ئە و سە ردەمەی ئەو شارەدا کردووە . بەتایبەت کە شاری بەغدا بە هۆی ئەوەی کە پایتەخت بووە، دامودەزگاکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی تێدا بووە، بۆیە خەباتە سیاسی و ڕۆشنبیرییە کەی گرنگی زیاتری هە بووە. ئەمەش زیاتر هانی قوتابیانی داوە ، تاکو لە دەوری کۆمە ڵە و ڕێکخراوە کوردییەکاندا کۆببنەوە و چالاکی بنوێنن. یان لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکانی ئەو سەردەمەی ئەو شارەدا، وتار و بە رهەمەکانیان بلاوبکەنەوە و بەشداری ئاهەنگ و چالاکییە نەتەوەییەکانی نێو ناوە ندەکانی خوێندن و دەرەوەی ئەو ناوەندانەشدا بکەن.

جێگەی ئاماژەیە، وێرای بوونی ژمارە یەکی زۆری کورد لە شاری بە غدا، بە لام هیچ قوتابخانە یەك لە شارەکەدا نەبووە، کە تایبەت بێت بە خوێندنی کوردی. تەنها ئەوە نەبێت کە لە نیسانی ساڵی 1946دا کوردە فەیلییەکان لە سەر ئەرك

و تێچووی خۆیان قوتابخانەیەکی قۆناغی سەرەتایی تایبەت-ئەهلییان لە شارەکەدا لە (باب الشیخ) کردەوە، کە منداڵانی کوردی فەیلی و منداڵانی دیکەی عەرەب و ئەرمەن و سریانی، تێیدا وەرگیران، بەڵام خوێندن لە قوتابخانەکە، بەهەمان شێوەی قوتابخانەکانی دیکەی شاری بەغدا بە زمانی عەرەبی بووە، ئەمە لە کاتێکدا بەڕێوەبەر و زۆربەی مامۆستاکانی قوتابخانەکە کورد بوون(العلوي، ٢٠٠٩، ص439-440).

یەکێکی دیکە لەبەرهەمی کار و چالاکیی قوتابیانی کورد لە شاری بەغدا، دامەزراندنی کۆمەڵەی لاوانی کورد لە شارەکەدا لە ساڵی 1923دا. ئەم کۆمەڵەیە ساڵ دوای ساڵ ژمارە یەکی زیاتری قوتابیان دە هاتنەوە ڕیزییەوە و توانیان کاریگەری لە سەر هۆشیاری ڕۆشنبیری و نەتەوەیی قوتابییاندا دروست بکەن(بابان، 1975، ل1).

لەگەڵ ئەوەشدا قوتابیان ڕۆڵیان لە نێو ئەو پارتە سیاسیانەشدا کە ئەو سەردەمە لە شاری بەغدادا چالاکییان دەنواند، وەك حزبی شیوعی عێراقی (ئەحمەد، 2006، ل30)، هیوا(نەریمان، 1994، ل68-71)، ڕزگاری (الحيدري، 2004، ص396) و پارتی دیموکراتی کوردستان (مام جەلال، 2017، ل65-66). لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی وەك گەلاوێژ (1939-1949) و دەنگی گێتی تازە (1943-1947) و ئەوانی دیکە دا، دەیاننووسی (نەریمان، ١٩٩٤، ل69).

**4-هۆکاری ئایینی:**

لەتەك ئەمانەدا هۆکاری دیکەش ڕۆلی لە نیشتەجێبوونی کوردان لە شاری بەغدا گێراوە، وەك هۆکاری ئایینی. شاری بەغدا بەهۆی بوونی کۆمەڵێك مەزارگەی پیاوانی ئایینی وەك شێخ عەبدولقادری گەیلانی (1077-1165ز)، ژمارەیەك خەڵکی لەسەر ئاستی عێراق و دەرەوەشدا لێ کۆبۆتەوە. بۆ نموونە گەڕەکی باب الشیخ-عکد الاکراد کە مەزارگەی شێخ عەبدولقادری تێدایە، زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردن، کە بێگومان بوونی مەزارگەکە، هۆکارێك بووە بۆ کۆبوونەوەی کوردان لەم شوێنەدا (چاوپێکەوتن لەگەڵ مومتاز حەیدەری 2016/10/1).

هەروەها پێگەی شارەکە دەرفەتی ئەوەی ڕەخساندووە، کە زۆر کەس بە مەبەستی بانگەواز و تەریقەتی سۆفیگەری ڕووی تێ بکەن، دیارترین نموونەش بۆ ئەمە مەولانا خالیدی نەقشبەندی (1776-1828) بووە، کە بەم جۆرە سەیری بەغدای کردووە، کە شوێنێکی زۆر شیاوو گونجاوە بۆ بلاوکردنەوەی بیروبۆچوونە تازەکانی دەربارەی سۆفیگەرێتی، بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێك ڕووی کردۆتە شارەکە، لە ساڵی 1811دا مزگەوتێکی لە شارەکەدا کردۆتە بارگای خۆی و دواتر لە ساڵی 1820دا بۆ جاری سێیەم چۆتەوە شارەکە. ئەمانەش هۆکارێك بوونە بۆ نیشتەجێبوونی شوێنکەوتووانی لە کورد و نەتەوەکانی دیکە لە شارەکەدا و بلاوبوونەوەی بیر و باوەڕەکانی (عبدالسلام, 2009، ص205-228).

بوارەکانی ڕۆشنبیریی کوردی زۆر لایەن دەگرێتەوە، بەلام ئەوەی کە زیاتر کاریگەریی لەسەر بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لە عێراق دروست کردووە، بوارەکانی زمان و ئەدەب بوون. گرنگی ئەو بوارانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی خێرا کاریگەرییی لەسەر هەست و بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا دروست دەکات. تەنها بۆ بژاردەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵگا نییە، بەڵکو بۆ هەموو کۆمەڵگایە. لەگەڵ ئەمەشدا زۆر هۆکار کاریان لە هەڵکشان و داکشانی ئەم بوارانە کردووە، وەك ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق، بەتایبەت لە نێوان سالانی (1958-1975)دا، هەرکاتێك ڕووداوە سیاسییەکان زەمینەیەکی ئارام و لەباریان ڕەخساندبێ، بوارەکانی ڕۆشنبیریش لەگەڵییدا پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینیوە، بە پێچەوانەوە دووچاری لاوازی بۆتەوە.

شاری بەغدا کە یەکێك لە پێگە سەرەکییەکانی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی بووە ، لەم کاریگەرییە بەدەر نەبووە، ئەم ماوەیەش لە شارەکەدا(1958-1975)، بە پێی کاریگەریی ڕووداوە سیاسییەکان بۆ سەر بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی، بۆ ئەم قۆناغانە دابەش دەبێت:

1- قۆناغی یەکەم: لە شۆڕشی چواردەی تەمووزی 1958ەوە دەست پێدەکات تاکو دە ستپێکی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول (1961) بەردەوام دەبێت. ئەم ماوەیە جۆرێك لە ئازادی لە بواری نووسین و بلاوکردنەوەی بیروڕای سیاسیی نەتەوەیی هاتە پێشەوە. ڕاستەوخۆ لە سەر بەشەکانی ئەدەب و زماندا ڕەنگی دایەوە. قەوارەی ڕۆژنامەگەرییش پێشکەوت و ڕێژەی چاپەمەنی بەرز بووەوە. دام ودەزگای ڕۆشنبیریی تایبە ت بە کورد کرانەوە. ئەوانەشی کە لە پێشدا هەبوون زیاتر گەشەیان کرد، دواجار بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لەم قۆناغەدا بوژایەوە.

2- قۆناغی دووەم: لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول (1961) دەست پێدەکات. تاکو کودەتای هەشتی شوباتی ساڵی 1963 بەردەوام دەبێت. ئەگەرچی لەم نێوانەدا شۆڕشی کورد لە ئارادا بوو، بە لام هێشتا هە ندێ جموجۆڵی ئە دەبی لە شارەکەدا ترووسکاییان دە بەخشی. وەك بەردەوامی دەرچوونی هەندێ بلاوکراوەی ڕۆشنبیریی وەك گۆڤارەکانی (هیوا 1957-1963)، (چارەسەرکردنی کشتوکاڵ 1959-1962)، (ئافرەت 1959-1963) و (ڕوناهی 1960-1962). هەروەها جموجۆڵی یانە ی سەرکەوتن و ڕادیۆی کوردی و بە شی کوردیی کۆلێژی ئاداب بە ردەوام بوون. هەندێ لە ڕۆشنبیرانی کورد هێشتا لە شارەکەدا مابوونەوە، لەم شوێنانەدا کاریان دە کرد. بەم جۆرە ئەم قۆناغە بە تەواوکەری قۆناغی پێش خۆی دادەنرێ، بەلام بە گوڕ و تینێکی کەمتر.

3- قۆناغی سێیەم: ئەم قۆناغە بە ساڵی 1963 دەست پێدەکات، تاکو ساڵی 1967 بەردەوام دەبێت. لەم ماوەیەدا بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لە شاری بەغدا، دووچاری دۆخێکی خراپ هاتەوە. یانەی سەرکەوتنی کوردان و گۆڤارەکەی (هیوا) و زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان داخران. تەنانەت ژمارەیەکی کەم کتێب و نامیلکەی کوردی چاپ کران، بەشی کوردیی کۆلێژی ئەدەبیاتیش کەوتە ژێر هەڕەشەی داخستن. ڕۆشنبیرانی کورد زۆربەیان یان گیران و دوورخرانەوە، یان بە ناچاری شارەکەیان جێهێشت. ئەوانەشی مابوونەوە، کەوتبوونە ژێر چاودێری دەزگا ئەمنییەکانەوە، بۆیە لەم قۆناغەدا بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لە شارەکەدا ڕووی لە کزی کرد.

4-قۆناغی چوارەم: بە ساڵی 1967 دەست پێدەکات، تاکو ساڵی 1970 بەردەوام دەبێت. لەم ماوەیەدا دۆخێکی سیاسیی گونجاو بۆ کورد هاتە پێشەوە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتننامە بوو کە لە حوزەیرانی ساڵی 1966دا، لە نێوان سەرکردایەتیی کورد و حکوومە تی عێراقی بەدەست هاتبوو. دوای کودەتای بەعسییەکانیش لە تەممووزی ساڵی 1968دا بەسەر عەبدولڕەحمان عارفی سە رۆك کۆماردا، دیسان دان بە هەندێ مافی نە تەوایەتی کوردییەوە نرا. هەموو ئەوانە لەسەر بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردیی شاری بەغداش ڕەنگیان دایەوە و کەمێك بوژاندییەوە. دەرچوونی ڕۆژنامەی (التآخی-برایی) لە سالانی (1967-1968) و پاشان ڕۆژنامە ی (النور-ڕووناکی) ساڵی 1969 و (کاری میللی) لە سالانی (1968-1969)دا و گۆڤاری (بەیان) ساڵی 1969، نموونەی ئەو بوژانەوەیە بوون.

5-قۆناغی پێنجەم: بە ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی 1970 دەست پێدەکات و بە دووبارە دەستپێکردنەوەی شۆڕشی کورد لە ساڵی 1974دا کۆتایی دێت. ئەم ماوەیە بە قۆناغی زێڕین و گەشانەوەی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لە هەموو ڕوویەکەوە دادەندرێت. شاری بە غدا بەشێکی گرنگ و دیاری ئە م گەشانەوەیەی بەرکەوت. تەنانەت لە زۆر ڕووەوە ببووە چەقی گەشەسەندنی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی.

6- قۆناغی شەشەم: ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان ماوەی دووبارە دەستپێکردنەوەی شۆڕشی کورد لە ساڵی 1974 و نسکۆی شۆڕش لە ئاداری ساڵی 1975دا. لەم ماوەیەدا حزبی بە عسی دەسەلاتدار دەستی بەسەر دەزگا و ناوە ندە ڕۆشنبیرییە

کوردییەکان داگرت. ئەو ئازادییەی لە جموجۆڵی ڕۆشنبیریی کوردییدا دروست ببوو، بە رتەسکی کردەوە و سنووورداری کرد. زۆربەی ڕۆشنبیرە ناسراوەکانی کوردییش شاری بە غدایان جێهێشت و پە یوەندییان بە شۆڕشی کوردەوە کرد. ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر جموجۆڵی ڕۆشنبیریی کوردی لە شارەکەدا دروست کرد.

بوارەکانی ڕۆشنبیریی کوردی لەو ماوەیەدا ڕاستەوخۆ کەوتنە ژێر کاریگەرییی ئەو گۆڕانکاریە سیاسییانەی ولات. وەك ئاماژەمان پێدا هەرکاتێك زەمینەکە لەبار بووبێت بزاڤەکە هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناوە و هەڵکشاوە، بە پێچەوانەوە وەستاوە و نەیتوانیوە گەشە بکات. بەلام بە شێوەیەکی گشتی ئەو ماوەیە گەلێ دەستکەوتی گرنگی بۆ بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی سەربار کرد، کە قۆناغەکەی پێش خۆی ئەمەی بە خۆیەوە نەبینی بوو. بە جۆرێك بووە بنەمایەك بۆ ڕۆشنبیریی کوردی لە قۆناغەکانی دوای خۆیدا، لەوانەش بواری ئەدەب وەك لە خوارەوە ڕۆشنایی دەخەینە سەر ڕەوت و کاریگەری بوارەکە بەسەر بزاڤی ڕۆشنبیری کوردییدا:

**تەوەری دووەم. بواری ئەدەبی کوردی لە شاری بەغدا 1958-1970:**

ئەدەب بە هەموو لایەنەکانییەوە بەتایبەت (شیعر و پەخشان)، هەر لە مێژوویێکی دوورەوە کاریگەریی دیاری بەسەر کۆمەڵگاکاندا جێهێشتووە. سرووشتی دەقی ئەدەبییش وایە بە جۆرێك لەلایەن نووسەر و ڕۆشنبیرانەوە دادەڕێژرێ، کە هەستی مرۆڤەکان بجووڵێنێت و بە زوویی لەگەڵ ناخیاندا تێکەڵ بێت. بەم پێیەش دەتوانێت ڕۆشنبیران هەرچی پەیامێکی هەیانە سیاسی یان کۆمەلایەتی یان هەر بوارێکی دیکە بێت، لەم ڕێگەوە بە ئاسانترین شێوە بە کۆمەڵگای بگەیەنن.

نەتەوەی کوردییش بە درێژایی سەدان ساڵ خاوەن ئەدەبێکی دەوڵەمەند و زیندوو بووە. دەیان شاعیری گەورە لە ناو کورددا هە ڵکەوتوون، لە وانەش وە ك: مەلای جزیری (1567-1640)، ئە حمەدی خانی (1650-1707)، بێسارانی (1643-1701)، نالی (1800-1877)، سالم (1805-1869)، حاجی قادری کۆیی (1816-1897) و حەریق (1856-1909). بەدەیان دە قی فۆلکلۆریشمان هە ن کە بەڵگەن لە سەر بایە خدان و خۆشە ویستیی کوردان بۆ بابە تی ئە دەبی، لەوانەش وەك ە ەقایەتی بەرئاگردان و داستانی کوردی، پەندی پێشینان، قسەی نەستەق.

لەگەڵ پێشکە وتنەکانی سە ردەمدا بواری ئە دەبییش لە ناو کورددا پێشکە وتنی بە خۆیەوە بینی. ئەگەر لە قۆناغێکدا ڕێبازی کلاسیك بە سەر شیعر و ئە دەبیاتی کوردییدا زاڵ بوو، ئە وا لە قۆناغی دوای جە نگی دووەم (1939-1945)دا، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە نێو ئە دەبیاتی کوردییدا پە یدابوو. شاعیرانی وەك پیرە مێرد و شێخ نووری شێخ ساڵح (1896-1958) و شێخ سە لام (1892-1959) و یونس ڕە ئووف دڵدار (1917-1948) و ئەحمەد هەردی (1922-2006)، بە ئاراستەی ئەم ڕێبازە دەیاننووسی. دوای ئەوە ڕێبازی ڕیالیزمیش هاتە ڕێو ئەدەبیاتی کوردییەوە، کە (گۆران)ی شاعیر بە ڕێبەری ئەو ڕێبازە لە شیعری کوردی دادەندرێت. گۆران کە لە سەرەتای شەستەکاندا لە شاری بەغدا دەژیا، کاریگەرییی لە سەر نەوەی تازە ی شیعریی کوردی دروست کردبوو، وە ك مامۆستایەکیش لە بەشی کور دیی زانکۆی بە غدا وانەی ئەدەبی دە گووتەوە (خەزنەدار، 2010، ل 26-30، 607-616). بەم شێوە یە شیعری کوردی لە شەستەکاندا بە رەو نوێخوازیی هەنگاوی نا و لە هەفتاکانیشدا گەیشتە قۆناغێکی تازەترەوە، دواتر لێی دەدەدوێین.

شۆڕشی چواردە ی تەممووزی 1958، کاریگەریی لەسەر بواری ئە دەب (شیعر و چیرۆك )یشدا دروست کرد، ئە و کرانەوە سیاسییەی بە هۆی شۆڕشە وە لە بەردەم نووسە ر و ڕۆشنبیرانی کورددا فە راهەم بوو لە لایەك و دە رچوونی ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامە و بلاوکراوە بە زمانی کوردی و زۆربوو نی چاپە مەنییە کوردییەکان لە لایەکی دیکە وە، دەرگایەکی تازەیان لە بەردەم گەشەسەندنی بواری ئەدەبییدا کردەوە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەدەبیی کوردی ئەم قۆناغە (1958-1961) ئەم بابەتانەی لە خۆ گرتبوو:

1- گوزارشتی نەتەوایەتی لە شیعر و چیرۆکی کوردییدا، کە خۆی دەبینێتەوە لە هەستی تایبەتی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد، بەرامبەر چەوسانەوە و ژێردەستەیی نەتەوەی کورد و دابەشکردن و زەوتکردنی خاکەکەی("هیوا"، ژ(2)، ئابی 1958، ل58؛ ژ(3)، ئەیلوولی1958، ل64؛ ژ(8)، مارتي 1959، ژ(35)؛ **"روناه ی"** (گۆڤار)، بەغدا، ژ(1)،1960، ل43؛ ژ(3)، 1960، ل(34)؛ **"پێشکەوتن"**، ژ(110)، 1960/4/24).

2- ستایشی شۆڕشی چواردە ی تەممووز و ئەو دەستکەوتانەی شۆڕشەکە بۆ خەڵکی عێراق بەدەستی هێنابوو، بەتایبەت ڕزگارکردنی خەڵکی عێراق لە ڕژێمی پاشایەتی و ئیمپریالیزمی ئینگلیز و دابینکردنی مافەکانی کورد بە پێی دەستووری کاتیی ولات(**"پێشکەوتن"**، ژ(20)، 1958/8/9؛ **"هیوا"**، ژ(11-12)، حوزەیران و تەممووزی 1959، ل55).

3-خەباتی جووتیار و ڕەنجبەرانی کورد، دژ بە چەوسانەوە و قۆرخکاریی ڕژێمی دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا(**"هیوا"**، ژ(1)، ساڵی 3، تشرینی دووەم 1959، ل62؛ ژ(30)، تشرینی یەکەم1960، ل64؛ ژ(31)، کانوونی دووەمی 1961 ل43؛ **"ئەدیبی عێراقی"** (گۆڤلو)، بەغدا، ژ(1)، گەلاوێژی 1961، ل28).

4- چەوساندنەوەی ئافرەتی کورد لە سایەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و دواکەوتوویی کۆمەڵگادا، کە ئەمەش ببووە بە شێك لە بابەتی دەقە ئەدەبییەکان(**"هیوا"**، ژ(6-7)، ساڵی 2، کانوونی دووەمی 1959، ل139؛ **"ڕوناهی"**، ژ(3)، 1960، ل68).

5-گوزەرانی تاڵی و مەینەتییەکانی ژیان وەك هەژاری و نەبوونی و هەنگاونان بەرەو شارەکان و گەڕان بە دوای کار و مامەڵەی خراپی خاوەن کار(**"روناه ی"**، ژ(5-6)، شوبات و ئاداری 1961، ل47).

ئەگەر سەیری ناوەرۆکی دەقە ئەدەبییەکانی ناو گۆڤار و ڕۆژنامە و چاپەمەنییە کوردییەکانی شاری بەغدای ئەو قۆناغە بکەین، وەك گۆڤاری (هیوا) و (پێشکەوتن) و (روناهی) و ڕۆژنامەکانی (خەبات) و (ئازادی) و (دەنگی کورد)، ئەم بابەتانە و زۆر بابەتی دیکەی وەك ئەویندارییی و گوزارشت کردن لە حاڵەتی دەروونیی تایبەت و وەسف و ستایش و گاڵتەوگەپ و شیوەن و بیرەوەریی، بە ڕوونی ڕەنگ دەداتەوە.

هەروەها ڕادیۆی کوردیی بەغدا لەو قۆناغەدا (1958-1961)، وێستگەیەکی دیکەی بایەخدان بوو بە جموجۆڵی ئەدەبی کوردی، لەوانەش وەك گۆشە و وتارە ئەدەبییەکانی ڕادیۆ کە لەلایەن ڕۆشنبیرانی ناسراوی کوردی وەك عەبدوڵلا گۆران و عەلائەدین سەجادی و سادق بەهائەدین ئامێدی بە هەردوو شێوەزاری کرمانجی سەروو و خواروو پێشکەش دەکران، گۆشەکانی وەك (لە هەر تەلەی دەنگێك)ی کامیل ژیر و (باخچەی هونەر)ی شەماڵ سائیب و (پۆستەی گوێگران) و (تۆ و ئێستگە) و (لەگەڵ گوێگراندا)، بایەخیان بە شیعر و پەخشانی کوردی داوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ کامیل ژیر2017/4/23). هەروەها بەشی کوردی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا لە ڕێگەی ئەو وانە ئەدەبییانەی پێشکەشی دەکرد وەك (مێژووی ئەدەبی کوردی) و (نرخی ویژەیی) بەشداری ئەو قۆناغەی جموجۆڵی ئەدەبی کوردی کردووە(چاوپێکەوتن لەگەڵ **عەبدولرەزاق بیمار** 2017/7/13).

لە قۆناغی دووەم واتە ساڵانی نێوان (1961-1963)دا، هێشتا هەندێ کاریگەرییی شۆڕشی چواردەی تەممووز بەسەر بابەتە ئەدەبییەکانی ئەم ماوەیەدا دیار بوو، ئەمە لە کاتێکدا ئەم قۆناغە لە کوردستاندا بە سەرەتای ئەدەبی شۆڕشگێڕیی دادەندرێ (چاوپێکەوتن لەگەڵ **عەبدوڵلا ئاگرین** 2016/10/5). سەبارەت بە شاری بەغدا بەهۆی دۆخە سیاسییەکە ئەدەبی شۆڕشگێڕیی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا زۆر بە زەقی ڕەنگ نەداتەوە، بەلام لە بری ئەوە بایەخ بەو بابەتانە دراوە، کە هێمان بۆ خەباتی نەتەوایەتیی کورد، لەوانە وەك بابەتی مێژووی خەباتی نەتەوایەتی کورد(**"روناه ی"**، ژ(2)، ساڵی2، سەرەتای مایسی1962، ل2) و جەژنی نەورۆز کە یەکەم ڕۆژی ساڵی کوردییە ،

هێمایە بۆ سەرکەوتنی کورد بەسەر زوڵم و ستەم و چەوسانەوەدا، بۆ نموونە گۆڤاری (هیوا) ژمارە (35)ی خۆی تایبەت کردووە بە باسی (نەورۆز) و بلاوکردنەوەی چەند دەقێکی ئەدەبی تایبەت بە نەورۆز.

لە قۆناغی سێیەم(1963-1967)دا، بەهۆی کزبوونی بزاڤیی ڕۆژنامەگەریی و چاپەمەنیی کوردی، بواری ئەدەبیش دووچاری لاوازی و وەستان هاتەوە، هەندێ بەرنامەی ڕادیۆی کوردیی تایبەت بە ئەدەب و بلاوکردنەوەی شیعری کوردی، هەروەها تاکە لاپەڕەی ڕۆژنامەی (دەنگوباس) کە لە ساڵی 1966دا بلاوکرایەوەی لێ دەرچێت، بایەخ پێدانێکی ئەوتۆ بە ئەدەبیاتی کوردی ئەو قۆناغەدا نابینرێ.

لە قۆناغی چوارەم (1967-1970)دا، باری ئەدەبیی کوردی جۆرێك لە بوژانەوەی بە خۆیەوە بینی، ساڵی 1967 ڕۆژنامەی برایی بە شێوەی ئاشکرا لە شاری بەغدا دەرچوو، بایەخدانی ڕۆژنامەکە بە ئەدەب و بلاوکردنەوەی بەرهەمیی ئەدەبی ڕۆشنبیرانی کورد بە تایبەت (شیعر و چیرۆك )، باری ئەدەبیی کوردی ئەو قۆناغەی بە جموجۆڵ خستەوە. لە بواری شیعردا، لە ماوەی ساڵێکی دەرچوونی ڕۆژنامەکە (1967-1968)دا، دەیان شاعیری ناسراوی کورد کەوتنە بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانییان لە ڕۆژنامەکەدا، کە دیارترینیان ئەمانە بوون: شاکر فەتاح، محەمەد ئەمین کاردۆخی (1916-1982)، ساڵح یوسفی، شێرکۆ بێکەس (1940-2013)، محەمەد ساڵح دیلان (1927-1990)، کامەران موکری، حەسیب قەرەداغی (1929-1997)، محەمەدی مەلا کەریم (1931-2017)، پیرباڵ مەحموود (1934-2004)، جەمال شارباژێڕی، عوسمان شارباژێڕی، مەدحەت بێخەو، بەدرخان سندی و محەمەد بەدری. هەروەها ڕۆژنامەکە گۆشەیەکی تایبەتی بۆ چیرۆکی کوردی تەرخان کردبوو، لەم گۆشەیەدا هەرجارە و چیرۆکێکی کوردیی بەرهەمی چیرۆکنووسێکی دیاری کورد بلاو دەکرایەوە، بە جۆرێك کە لە ماوەی ئەو ساڵەدا (98) چیرۆکی کوردیی لە ڕۆژنامەکەدا بلاوکراوەتەوە، نموونەی ئەو چیرۆکنووسانەش وەك: ڕەئووف حەسەن، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، جەمال نووری، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، عەبدوڵلا ئاگرین، سەدرەدین عارف، حوسێن عارف، ئەکرەم قەرەداغی، شێرکۆ بێکەس، محەمەد مەولوود مەم (1927-1987)، کاوس قەفتان، کاکەی جاف، هۆمەر، ن.ئاری (محەمەد، 2005، ل131، 268).

ڕۆژنامەی دەنگوباس (1966-1967)یش لە لاپەڕە کوردییەکەیدا، بایەخێکی تایبەتی بە بواری ئەدەبی داوە، لەماوەی دەرچوونییدا چەندان دەقە شیعر و چیرۆکی شاعیر و نووسەرانی کوردی بلاوکردۆتەوە، نموونەی ئەوانەش وەك: ڤیان، سەردار بێبەخت، محەمەد نەجات، شێخ هادی پشدەری، دڵشاد مەریوانی، عەبدولوەهاب تاڵەبانی، حەسەن فەرەج مەولوود،حەسەن جاف، عەبدوڵلا سەراج، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، عەبدولخالق سەرسام، نەژاد نووری و ڕۆستەم (**"دەنگوباس"** ( ڕِۆژنامە)، بەغدا، ژ(231)، 1967/2/2؛ ژ(232)، 1967/2/4؛ ژ(233)، 1967/2/5؛ ژ(234)، 1967/2/6؛ ژ(235)، 1967/2/7؛ ژ(236)، 1967/2/11).

گۆڤاری (بەیان)یش کە ژمارە (یەك)ی لە تشرینی دووەمی ساڵی 1969دا دەرچووە، گۆشەیەکی تایبەتی بۆ چیرۆك داناوە، لەم ژمارەیەدا چیرۆکێکی کاکە مەم بۆتانیی لە ژێر ناوی (تانە و ئارەزوو) بلاوکردۆتەوە. هەروەها گۆڤاری (تووتن)یش، بایەخی بە بلاوکردنەوەی چیرۆکی کوردی داوە ، وەك چیرۆکەکانی (شەوێك لە لادێ)ی مەولان بەکر سامی(**"توتن"** ( گۆڤار)، بەغدا، ژ(1-2)، ساڵي 5، ئایاري 1969، ل73) و (میمکە هوَڵی)ی حوسێن عارف (**"توتن"** ژ(٣)، کانوونی یەکەمی 1969، ل٥٨).

باری سیاسیی وڵات لەم قۆناغەدا یارمەتیدەر بوو تاکو بابەتە نەتەوایەتییەکان کە گوزارشت بووە لە ئێش و ئازاری نەتەوەی کورد لە تەك بابەتی کۆمەلایەتی و ئەویندارى و بابەتەکانی دیکەدا، لە دەقی ئەدەبی کوردییدا ڕەنگ بدەنەوە، بەتایبەت ئەو دەقانەی لە ڕۆژنامەی برایی‌دا بلاودەکرانەوە. بەلام لە دوای ئاڵۆزبوونەوەی بارودۆخی سیاسی وڵات و

داخستنی ڕۆژنامەی برایی لە ساڵی 1968دا، ئەم جۆرە گوزارشتە نەتەواییانە لە دەقی ئەدەبی کوردییدا زۆر بە دەگمەن دەبیندرێن.

هەر لەم قۆناغەدا ئەدەبی کوردی بەرەو نوێگەری هەنگاوی دەنا، گۆڤار و ڕۆژنامە کان کە لە دەرەوەی عێراقەوە دەهاتن، لەوانە: (ألادیب)، (ألاداب)، (ألفكر المعاصر)، (ألاقلام)...، گەلێ ڕێبازی تازە ی ئەدەبی وەك: سیمبولیزم و داداییزم و سوریالیزمیان ئاشنا بە ڕۆشنبیرانی کورد کردبوو (نەجار، ٢٠١٦، ل93)، ئەمە وێرای کاریگەریی شاعیرانی نوێخوازی عێراقی بەسەر بزاڤی ڕۆشنبیریی و ئە دەبی کوردییدا، کە هەوڵیان دەدا بە سوودوەرگرتن لە ڕێبازە ئەدەبییە جیهانییە تازەکان، نوێگە ریی لە شیعر و ئە دەبییاتی عێراقییدا بهێننە کایەوە، بۆ ئە م مە بەستەش لە ساڵی 1969دا بەیاننامەیەکیان لە شاری بە غدا بلاوکردەوە، کە دواتر باسی دە کەین. لە تەك گۆڤار و ڕۆژنامە دا، ڕۆشنبیرانی کورد بەرهەکانی شیعر و چیرۆکی خۆیان بە جیا لە شێوەی کتێب و نامیلکە دا لە نێوان سالانی (1967-1970)دا شاری بەغدا چاپ کردووە، وەك نامیلکەی شیعری (لەگەڵ شەپۆلەکاندا) و (سرود)ی کاکەی فەلاح (1928-1990) و (دڵی کچان)ی مەدهۆش (1919-1994) و (هاواری عاشقان )ی نە جات ساڵح و (ڕابەری ژیان )ی مە دحەت بێخە و و (تریفەی هەڵبەست)ی شێرکۆ بێکە س و (بتی شکاو ) عەبدوڵلا پەشێو و (ڕازی دووری)ی دکتۆر عیزە دین مستەفا ڕەسوول، لە بواری چیرۆکیشدا (شمشاڵی شوان)ی محەمەد ساڵح سەعید و (دارەکەی بەر ماڵمان)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و (سەید کەڵەك)ی جەمال بابان و (ئەڵمان کوردی) و (بوکە شوشە)ی دکتۆر مارف خە زنەدار، (بومەلەرزە لە گۆمی مەنددا)ی کاکە مەم بۆتانی (نەریمان، ١٩٧٧، ل143-174).

لایەنێکی دیکە کە لەم قۆناغەدا ڕۆلی لە جموجۆڵ و چالاکی ئە دەبی کوردییدا گێراوە ، ڕادیۆی کوردی بە غدا بووە، بەرنامە و وتارە ئەدەبییەکانی ڕادیۆی کوردیی بەغدا کە بایەخیان دەدا بە بلاوکردنەوەی دەقی ئەدەبی (شیعر و چیرۆك) و ژیاننامەی شاعیرانی کورد و مێژووی ئەدەبی و کوردی و دیداری ڕۆشنبیران، ڕۆڵێکی دیارییان لە جموجۆڵی ئەدەبی ئەو قۆناغەدا گێڕاوە، بە تایبەت ئەگەر ئەوەش بڵێین کە دەنگی ڕادیۆ بەبێ تێچوونێکی ئەوتۆ دەگەیشتە گوێگران و زۆربەی ماڵە کوردەکان، جگە لە ڕۆشنبیران و خە ڵکێکی ئاسایی گوێی لێگرتووە ، لەو بەرهەمە ئەدەبییانە سوودمەند بووە، کە ئەمەش بۆ هەوڵی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد دەگەڕێتەوە، کە کاریان لەو بەرنامانەدا دەکرد، وەك دکتۆر کاوس قەفتان کە گۆشەی چیرۆکی حە وتەوانە و لە هەر باخچەی گوڵێکی پێشکە ش کردووە، هەروەها دکتۆر ئیحسان فوئاد و دکتۆر مارف خەزنەدار و دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول و دکتۆر نەسرین فەخریش گۆشەی تایبەتیان بە بوارەکانی ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئە دەبی پێشکەش کردووە، ئەمە وێرای ئەو بەرنامە و گۆشانە ی کە بەرهەمی گوێگرانیان لە هۆنراوە و چیرۆك و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق دەخوێندەوە و بەمەش گوێگرانی کورد لە ڕێگەی ڕادیۆوە بەهرە ئەدەبییەکانیان گەشە پێ دە دا، کارمە ندانی ڕادیۆی کوردی وە ك: کەمال ڕە ئووف و عە بدوڵلا عە باس و محە مەد تۆفیق وردی و سەربەست بامەڕنی و عە بدولوەهاب تاڵەبانی و نیهایە ت جە لال، ڕۆلی گرنگییان لە ئامادەکردن و پێشکە ش کردنی ئە م جۆرە بەرنامانەدا گێڕاوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ **عەبدوڵلا عەباس** 2017/2/19).

کوردستان موکریانی کە ئەو کاتە قوتابی بەشی کوردیی زانکۆی بە غدا بووە (1964-1968)، ئاماژە بەوە دەکات، کە: (ئێمەی قوتابیانی زانکۆ بەردەوام گوێگری بەرنامەکانی ڕادیۆی کوردی بە غدا بووین، بە تایبەت بەرنامە ئەدەبییەکان کە زۆرجار بە نامە بەشدار دەبووین، بابەتمان بۆیان دەنارد و کە لە ڕادیۆ دەخوێندرایەوە، دڵمان پێی خۆش دە بوو، ئەمە زیاتر هاندەری توانا و بەهرەکانمان بوو)(چاوپێکەوتن لەگەڵ **کوردستان موکریانی** 2016-10-6).

هەر لە م قۆناغەدا بە شی کوردی کۆلێژی ئە دەبیاتیش وێرای خوێندنی بابە تە ئەدەبییەکانیان، ناوناوە چالاکی و جموجۆڵی ڕۆشنبیریی تێدا ئە نجام دراوە . وەك ئاهە نگەکەی ئاداری ساڵی 1967ی بە شەکە، لە م ئاهە نگەدا وێرای

ئەنجامدانی چالاکی ئە دەبی و هونە ری، دکتۆر عی زەددین مستە فا ڕە سوول لە وتارێکییدا گرنگی بە شەکەی لە ئاراستەکردنی ئەدەبی کوردییدا ڕوون کردۆتەوە("برایەتی"، ژ(8)، 1967/5/6).

**تەوەری دووەم. بلوی ئەدەبی کوردی لە شاری بەغدا 1970-1975:**

لە نێوان ساڵانی 1970-1974، باری ئەدەبیی کوردی وەك سەرجەم بوارەکانی دیکە، لە ڕووی ناوەرۆك و هونەریی نووسینەوە، گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کانی ئەو ماوەیە وەك (هاوکاری) و (برایەتی) و (ڕۆشنبیریی نوێ ) و (بەیان) و (ڕۆژی کوردستان ) و (نووسەری کورد )، بایە خی تایبە تییان بە بلاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبیی کوردی داوە ، بۆ نموونە ڕۆژنامەی (هاوکاری) لەو ماوەیەدا (1970-1974) نزیکەی (545) دەقی شیعریی بە رهەمی شاعیرانی کوردی لە هەر سێ نە وەی کلاسیك و ڕۆمانتیك و ڕیال یزم و نوێخوازاندا بلاوکردۆتەوە، هە روەها (158) کورتە چیرۆکی کوردیی بلاوکردۆتە وە(نەریمان، 1989، ل 119-156). هەروەها گۆڤاری (برایەتی)یش لە نێوان سالانی (1970-1971)دا شازدە کورتە چیرۆك و هەفتا دەقە شیعری شاعیرانی کوردی بلاوکردۆتەوە. ڕۆژنامەی (برایەتی)ی هەفتانەش (1972-1973) پەنجاو دوو کورتە چیرۆك و (185) پارچە شیعریی شاعیرانی کوردی بلاوکردۆتەوە. (برایەتی) ڕۆژانەش کە لە ساڵی (1974)دا دەرچووە، (15) دەقە شیعر و (8) کورتە چیرۆکی کوردیی بلاوکردۆتە وە(محەمەد، ٢٠٠٥، ل 130-131). گۆڤاری (بەیان)یش لە نێوان سالانی (1970-1974)دا، (33) چیرۆك و (56) دەقی شیعریی کوردی بلاوکردۆتەوە(نەریمان، 1983، ل89-110).

ڕووێکی دیکەی بوارەکانی ئەدەبی کوردی چاپکردنی بەرهەمی شاعیر و چیرۆکنووسانی کورد بووە لە شاری بەغدا لە شێوەی کتێب و نام یلکەدا. لە نێوان ساڵانی (1970-1974)دا (28) بەرهەمی شیعری و (11) بەرهەمی چیرۆکیی کوردی لە چاپخانەکانی شاری بەغدا لە چاپ دراون (نەریمان، ١٩٧٧، ل174-238).

نموونەی شاعیرانی ئە و قۆناغە ش کە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بلاوکراوە کانی شاری بە غدا بەرهەمەکانیان بلاوکردۆتەوە، ئە مانەبوون: ئازاد دلزار، بورهان قانیع، ئیبراهیم ڕە مەزان، محە مەد حە مەباقی، عە بدولڕەحمان مزووری، عەبدولوەهاب تاڵەبانی، ئەحمەد ڕێبوار، مەمدوح بریفکانی (1911-1976)، مەدحەت بێخەو، دکتۆر ئیحسان فوئاد، جەمال نوو ری، ڕەفیق سابیر، عە بدولڕەحمان زەنگەنە، ئەنوەر جاف، سامی شۆڕش (1950-2010)، عەبدوڵلا عەباس، عوسمان شارباژێری، عەبدوڵلا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، محەمەد تۆفیق وردی، محەمەد ڕەسوول هاوار، سەلاح شوان، نووری حە یران، جە میل ڕە نجبەر، حافیز مایی، مست ەفا بامە ڕنی، مە سعوود بێبە ش (1932-1998)، دڵشاد مەریوانی (1947-1989)، مووسەدەق تۆڤی، نووری کاکە حەمە، ئەحمەد تاقانە، جەلالی میرزا کەریم، ساڵح یوسفی، بورهان جاهید (1918-1991)، هێمن موکریانی، عە بدولڕەزاق بیمار، فازڵ شە وڕۆ، حەسیب قەرەداغی، عەبدولسەلام محەمەد، لەتیف هەڵمەت، ئەنوەر شاکەلی، کەریم شارەزا (1928-2016)، محەمەد بەدری. نموونەی چیرۆکنووسانی کوردییش کە لەو ماوەیەدا بەرهەمەکانی خۆیان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو قۆناغەدا بلاوکردۆتەوە ئەمانەبوون: ئەحمەد شاکەلی، هیشام تاهیر بە رزنجی، ئە حمەد محە مەد ئیسماعیل، کاکە مەم بۆتانی، عە بدوڵلا ئاگرین، کە مال میراودە لی، محەمەد ڕەشید فەتاح، ئەمینی میرزا کە ریم، محەمەد موکری (1945-2012)، زاهیر ئە حمەد سەوز، حەسەن قزلجی (1913-1984)، ئە حمەد قادر سە عید، سەگڤان عە بدولحەکیم، سە لام مە نمی، ڕە ئووف بێگە رد، حوسێن عارف، سەدرەدین عارف، مستەفا ڕابەر، لەتیف حامید، بورهان قانیع، ئەحلام مەنسوور (1951-2013)، کوردستان موکریانی، عەبدوڵلا سەراج(محەمەد، ٢٠٠٥، ل130-131؛ نەریمان، ١٩٧٧، ل174-238؛ 1989, ل119-156؛ ١٩٨٣، ل89-110).

لایەنێکی دیکەی بوارەکانی ڕۆشنبیریی کوردی ئەو قۆناغە، چالاکی و جموجۆڵی ئەدەبییانەی کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان و ڕێکخراوەکانی توێژە کۆمەلایەتییەکان بوون. ئەوانیش وەك (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی ) و (یەکێتی نووسەرانی کورد) و (کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی-لقی بەغدا) و ڕێکخراوەکانی (قوتابیان و لاوان و مامۆستایان و ئافرەتان). هەریەك لە (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی ) و (یەکێتی نووسەران) لە ماوەی نێوان سالانی (1970-1974)دا، دەیان چالاکیی ئەدەبییان لە شاری بەغدا ئەنجام داوە. هەر لە کۆڕی شیعری و کۆڕی چیرۆك خوێندنەوە بگرە، تا دەگاتە ڤیستیڤاڵی شیعری و پیشبرکێی چیرۆکی کوردی و خەلاتکردن و هاندانی ڕۆشنبیرانی کورد و هەماهەنگی ئەدەبییانە لەگەڵ ناوەند و دەزگا ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەکانی شارەکەدا. ئەمە وێرای ئەوەی کە ژمارەکانی هەردوو گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) سالّی1971 و (نووسەری کورد) سالّی 1971، ببوونە پێگەی بلاوکردنەوەی دەیەها وتار و بابەت و دەقی ئەدەبیی بەپێز، کە لە قۆناغەکانی دوای خۆیان بوونە سەرچاوەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی. هەروەها ڕێکخراوەکانی توێژە کۆمەلایەتییەکانیش چ لە ڕێگەی کۆڕ و چالاکییانەییەکانیاندا، چ لە ڕێگەی ئۆرگانەکانییانەوە، ببوونە بەشێکی سەرەکی لەو بایەخپێدانەی کە بە بواری شیعر و ئەدەبیات دەدرا.

هەر لە دوای ڕێککەوتننامەی ئاداردا، دەزگا و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانیش ڕۆلی کارایان لە بزاڤی ئەدەبیی کوردییدا گێراوە. یەکێك لەوانە (ڕادیۆی کوردی بەغدا) بوو، لەم قۆناغەدا (ڕادیۆی کوردی) ماوەی پەخشەکەی زیاتر کرا و کرایە بەڕێوەبەرایەتیێکی سەربەخۆ. لە نێوانیاندا بەرنامە ئەدەبییەکان بایەخی تایبەتیان پێدرا. بەمەش بووە وێستگەیەکی گرنگی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی کوردی، چەندان نووسەری دیاری کورد، مامۆستایانی زانکۆ، سەردانی ڕادیۆیان دەکرد، گۆشەی ئەدەبییان پێشکەش دەکرد، وەك: (دکتۆر ئیحسان فوئاد، عیزەددین مستەفا ڕەسوول و دکتۆر مارف خەزنەدار). هەروەها ڕۆشنبیرە دیارەکانی کوردییش بە هەمان شێوە چالاکی ئەدەبییان لە ڕادیۆدا ئەنجام دەدا، وەك پێشکەشکردنی گۆشەی ئەدەبی و وتاری ئەدەبی و دیداری ئەدەبی ئەوانییش وەك: (ڕەفیق چالاك، شێرکۆ بێکەس، مەحموود زامدار، کاکە مەم بۆتانی، ئەنوەر جاف، سەلاح شوان، حوسێن عارف و مستەفا سالّح کەریم). هەروەها گۆشەی تایبەت بە شیعر و ئەدەبیی تازە لە ڕادیۆدا پێشکەش کراوە، وەك عەباس عەبدوللا ئاماژەی بەوەدەکات کە: (لە کۆتایی شەستەکان تا سالّی 1972دا بەرنامە ڕۆشنبیرییەکانی بەغدا لە لووتکەی سەرکەوتن دابوون، من لەو کاتەدا لە بەرنامەیەکی ئەدەبییم لە ڕادیۆ هەبوو، بە ناوی (ئێوارەت باش) لەم بەرنامەیەدا، کە ڕۆژێ نا ڕۆژێ بوو، بایەخی تایبەتیم بە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت وەك دەنگێکی تازە لە شیعری کوردی دەدا) (چاوپێکەوتن لەگەڵ **عەبدوللا عەباس** 2017/2/19).

لەتەك ڕادیۆی کوردی، تەلەفزیۆنی بەغداش ڕۆلی لە جموجۆڵی ئەدەبی دوای ڕێککەوتننامەی ئازاردا گێڕاوە، ڕێکخراوێکی وەك یەکێتی نووسەرانی کورد بەرنامەیەکی تایبەت بە ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا لە نێوان سالانی (1971-1973)دا ئامادە و پێشکەش کردووە. هەر لە تەلەفزیۆنی بەغدا لە نێوان سالانی (1974-1975)دا هەموو ڕۆژانی چوارشەممەیەك بەرنامەیەکی تایبەت بە ڕۆشنبیریی کوردی بۆ ماوەی یەك کاتژمێر پەخش کراوە. لەم بەرنامەیەدا شیعری شاعیرانی کورد و دەنگوباسی ئەدەب و چالاکیی ڕۆشنبیریی کوردیی شاری بەغدا پێشکەش کراوە، هەر جارێکیش دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ نووسەر و ڕۆشنبیرێکی ناسراوی کورد ئەنجام داوە و گفتوگۆیان دەربارەی ئەزموونی ئەدەبی ئەو کەسە کردووە(چاوپێکەوتن لەگەڵ **مستەفا سالّح کەریم** 2017/4/24).

بەشی کوردیی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا، کە ڕوویێکی دیکەی جموجۆڵی ئەدەبی کوردی بوو لە شارەکەدا، لەم بەشەدا خوێندنی وانە ئەدەبییەکانی وەك: مێژووی ئەدەبی کوردی، ڕەخنەی ئەدەبی، پەخشان، کێشناسی، ڕەوانبێژی دەخوێندران. لەگەڵ ئەمەشدا چەندان چالاکیی وەك کۆڕیی ئەدەبی لە بوارەکانی شیعر و چیرۆك و پەخشان و لێکۆڵینەوە و مێژووی ئەدەبیی ئەنجام دەدران، کە بەشێك لەو کۆڕانە بە هاوکاری کۆمەڵە و ناوەندە ڕۆشنبیرییە کوردییەکانی شاری

بەغدا پێشکەش کراون، مامۆستایان و قوتابیانی بە شەکە ڕۆلی سەرەکییان لە پێشکەشکردنیاندا گێڕاوە.هەروەها دەرکردنی گۆڤاری (کۆلێجی ئەدەبیات) لە ساڵی 1972دا لەلایەن بەشەکەوە یەکێك لە ئامانجەکانی بلاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بوارەکانیی ئەدەبیی کوردی بوو . تەنانەت ئەو کەش و هەوا ئەدەبییەی لە بەشەکەدا ڕەخسابوو، هانی ئەوەی دا بەشێك لە قوتابیان ببنە نموونەی ڕۆشنبیر و نووسە ری ناسراوی کورد، کە بەشێك لەوانە لە نێوان سالانی (1970-1974)دا لە نێو داموده زگا ڕۆشنبیرییە کانی کورد لە شاری بە غدا کاریان دە کرد. لە کاتی ئاهە نگەکانی کۆلێژیشدا بە تایبەت ئاهەنگەکانی یەکترناسین و ئاهە نگی دەرچوون و ئاهە نگی نەورۆز، قوتابیانی بە شەکە چالاکی جۆراوجۆریان ئە نجام دەدا، یە کێ لە و چالاکییانە ، خوێندنە وەی شیعر و پە خشانی کوردی بوو، کە زۆربەیان لە دانراوی قوتابیان خۆیان بوون(**کۆلێجی ئەدەبیات"** (گۆڤار)، بەغدا، ژ(15)، 1971-1972، ل 3-13، 14-42؛ژ(17)، 1974؛ ل37-57؛ ژ(18)، 1974، ل7-69، 61-71).

یەکێکی دیکە لەو دەزگایانەی لە دوای ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی 1970دا، لە پەرەسەندنی بزاڤی ئە دەبی کوردییدا بەشدار بووە، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی کوردی بوو، یە کێك لە هەنگاوەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە لەو بارەیەوە، دانان و ئامادەکردنی کتێبەکانی خوێندنی کوردی و زمان و ئە دەبیی کوردی بوو (1970-1974)، ئەم کارەش لە ڕێگای لێژنەی تایبەت و شارە زا لە ڕۆشنبیرانی کورد جێبە جێ کراوە. خوێندنی کوردی هە ر لە پۆلی دووەمی سەرەتاییەوە، چەندان دەقی شیعری و چیرۆك و پە خشانی کوردی بۆ قوتابیان ئامادە کردووە. لە هەرسێ پۆلی قۆناغی ناوەندیشەوە وانەیەکی تایبەتی بە ئەدەبی کوردی ئامادە کردووە. لەم وانەیەدا قۆناغەکانی مێژووی ئە دەبی کوردی و سە رەتاکانی سەرهەڵدانی شیعر و پە خشانی کوردی و ئە دەبیی فۆلکلۆری کوردی و پاشان ژیاننامە ی شاعیرانی کورد و نموونە ی شیعرەکانییان ئاشنا بە قوتابیانی کورد کراوە. وێڕای ئەمە، بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی کەوتە یارمەتیدانی چاپکردنی بەرهەمی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد، کە بابەتی ئەدەبییشی لە خۆگرتبوو، لەوانە وەك کتێبی (شەونامەی شاعیرێکی تینوو)ی عەبدوڵلا پەشێو و (دڵی کوڕان)ی مەدهۆش و (ڕاوەبەران)ی دکتۆر کاوس قە فتان لە ساڵی 1972 دا و (من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ)ی شێرکۆ بێکە س و (هەندێ لە بەیت و هە ڵبەستەکانی عەلی بەردەشانی) و (دەستی ئۆخە ی)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە ساڵی 1973دا و (ئەدەبی مندالان و لێکۆڵینەوە)ی محەمەد ڕەشید فەتاح و (ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی)ی عەزیز گەردی لە ساڵی 1974دا(نەریمان، ١٩٧٧، ل202-238).

دەزگای کۆڕی زانیاری کوردییش یە کێك بووە لەو دەزگا ڕۆشنبیرییە گرنگانەی کورد، کە بەشێك لە ئامانجەکانی بۆ پێشخستنی بواری ئە دەبی کوردی تە رخان کردبوو . لە یاسای بنچینە یی کۆڕی ساڵی 1970دا و لە خاڵەکانی سێیە م و چوارەم و پێنجەمدا جەخت لەسەر گرنگییدان بە لایەنی ئەدەبی و لەم چوارچێوەیەشدا هاوکاری و یارمەتیدانی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد کراوەتەوە(**"الوقائع العراقية"**، ع(1917)، 8ایلول 1970، ص1-23)، وەك چاپکردنی دیوانی شیعری و لێکۆڵینە وە دەربارەی شاعیرانی کوردی وە ك حاجی قادری کۆیی و مە لای گە ورە (1876-1943) و مە لا وەسمان(نەریمان، ١٩٧٤، ل 214-238). ئەو لێکۆڵینە وانەی گۆڤاری (کۆڕی زانیاری کورد ) لە بواری ئە دەبدا کردوویەتی، وە ك لێکۆڵینە وە دەربارەی ئە حمەدی خانی و نالی و حاجی قادری کۆیی و بلاوکردنە وەی بە رهەمی شاعیرانی کوردی وە ك مە لا خە لیلی موخلیس (1915-1985)(**"کۆڕی زانیاری کورد"**، بەرگی یەکەم، ب 1، 1973، ل316، 356؛ ژ(2-1)، بەرگی دووەم، ب 1، 1974، ل769، 859؛ بەرگی دووەم، ب 2، 1974، ل 11)، نموونەیەکی زیندووی بایەخپێدانی کۆڕ بووە بە بواری ئەدەبییدا.

سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیریی کوردی، کە زیاتر لە ساڵی 1972دا کەوتۆتە کار، گەلێ هەنگاوی بە ئاراستەی بواری ئەدەبی کوردییەوە نا، یەکێك لەو هەنگاوانە چاپکردن و یارمەتی لە چاپدانی بەرهەمی ئەدەبیی نووسەر

و ڕۆشنبیرانی کورد بوو، لەوانەش وەك (نامەی قانیع)ی قانیعی شاعیر (1897-1965) و (لە پێناوی ئەوین)ی زەکی ئەحمەد هەناری (1909-1967) (نەریمان، ١٩٧٧، ل234-237). ئەمە وێڕای ئامادەکردنی بەرنامەی تایبەتیی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی بۆ ڕادیۆ و تە لەفزیۆنی بەغدا("**ڕۆشنبیری نوێ** "، ژ(24)، 1974/7/11؛ژ(25)، 1974/7/21؛ ژ(26)، 1974/8/1؛ ژ(27)، 1974/8/11) و دەرکردنی بلاوکراوەی (ڕۆشنبیری نوێ) کە بایەخێکی تایبەتی بە بواری ئەدەبی داوە.

خاڵێکی گرنگ لەم قۆناغەدا هەڵوەستەی لەسەر بکەین، دەرکردنی بانگەوازی ئەدەبی ڕوانگە بوو، لە ساڵی 1970دا. کە ئامانج لە بانگەوازەکە نوێگەری بوو لە ئەدەبیی کوردییدا. بەر لە ڕاگەیاندنی بانگەوازەکە، چەند جارێك ڕۆشنبیر و نووسەرانی کوردیی نیشتە جێی شاری بە غدا، لە یانەی شە وانەی (عەدلییە) لە گەڕەکی (بەتاوین) نزیك شە قامی (سەعدوون) کۆبوونەتەوە، تاوتوێی بابەتێکی لەم شێوەیان کردووە. عەبدوڵلا عەباس ئاماژە بەوە دەکات کە: (ئەم لەگەڵ جەلالی میرزا کەریم بەیەکەوە لە ژێر کاریگەریی بانگەوازی حوزەیرانی ساڵی 1969ی شاعیرانی نوێخوازی عێراقی، بیرۆکەی بابەتێکی لەم شێوەیان لا دروست بووە، پاشان پەیوەندییان بە ڕۆشنبیرانی دیکەی کورد لە شاری بەغدا کردووە) (چاوپێکەوتن لەگەڵ **عەبدوڵلا عەباس** 2017/2/19).

پاشان لەلایەن پێنج لە ڕۆشنبیرانی کورد کە شێرکۆ بێکەس، کاکە مەم بۆتانی، حوسێن عارف، جەلالی میرزا کەریم و جەمال شارباژێڕی بوون، دە قی بانگەوازەکە نووسرایەوە و لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) لە ساڵی 1970دا بلاوکرایەوە (îîî). کە تێیدا هاتووە: (پێویستە ئەدەبی کوردی لە ڕووی شێوە و ناواخنەوە، لە کۆڕی ئەدەبی تازەکردنەوەدا پەل بهاوێت و نەش و نما بکات، بابە تی ئەدەبی قورس و قەبە باوی نە ماوە). لە شوێنێکی دیکە دا هاتووە: (نووسەر و شاعیرانی ئەمڕۆمان پێویستە ئەو قاوغی ویقار و فیز و لەخۆباییبوونە کلاسیکییانە بشکێنێ، کە دوورەپەرێز و لە سووچێکەوە دابنیشێت، وە تەنها بۆ حە ز و ئارەزووی خۆی بهۆنێتە وە و بنووسێت، نووسە ر و شاعیری ئە مڕۆ شانبەشانی پیشە ی نووسین و شیعر وتنی کارگێڕیشە ..شۆڕشگێڕیشە..جەنگاوەریشە) ("**هاوکاری**"، ژ(15)، 1970/4/25).

وەك لە پەیامەکەیان دەردەکەوێت کە داوای نوێگەری و تازە کردنەوە لە ئەدەبیی کوردی بە تایبەت شیعر دە کەن، تاوەکوو ببێتە ئامرازێکی کاریگەر لە گۆڕانکاری و پە رەسەندنەکانی کۆمەڵگادا. هەروەها ئەم خالانەی خوارەوەش لە ئامانجە گشتییەکانی بانگەوازیکارانی ڕوانگە بوو:

1-لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە لە کلاسیك دوورکەوتنەوە.

2-بایەخدانی تایبەت بە زمان و ئەدەبی کوردی.

3-دروستکردنی ویستی تازەگەری لە کوردستاندا.

4-گەڕان بەدوای بابەتی تازە و کتێبی تازە و دیدگای تازە لە ئەدەب و ڕۆشنبیرییدا.

5-ڕووبەڕووبوونەوەی کۆنخوازی.

6-دامەزراندنی گوتارێکی ڕەخنەیی هاوچەرخ(حوسێن، 2011، ل79).

بانگەوازەکە لە ماوەی سێ ساڵی دوای دە رچوونی (1970-1972)دا، کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. بەر لەوەی باسی کاردانەوەکان بکەین، تیشکێك دەخەینە سەر ئەو هۆکارانەی کە ڕۆلیان لە دەرکردنی بانگەوازەکەدا لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە گێڕاوە:

1-کاریگەریی شاعیران و ڕۆشنبیرانی سوریالی و نوێخوازانی عە رەب و نووسە رانی جیهانیی بە سەرەوە بوو، کە ئەوکاتە زیاتر لە ڕێگەی گۆڤار و ڕۆژنامە کان و بە رهەمە چاپکراوەکانییانەوە، ڕێبازی تازە ی نووسینییان دە گەیشتە

شاری بە غدا. ڕۆشنبیرانی کورد بە تایبەت لاوە کان کە وتبوونە ژێر کاریگە ریی ئە م ڕێبازە نوێیە جیهانییانەوە(چاوپێکەوتنلەگەڵ**کاکە مەم بۆتانی** 2016/10/22).

2- کاریگەریی بانگەوازی شیعری حوزەیرانی 1969، کە کۆمەڵە شاعیرێکی لاوی عێراقی کە فازڵ عەزاوی و سامی مەهدی و فەوزی کە ریم و خالید عە لی مستە فا بوون، سە بارەت بە نوێگەریی لە شیعر و ئە دەبیاتی عێراقییدا ڕایانگەیاندبوو(عباس، 2001، ل98).

3-ئەو بارودۆخە سیاسییەی لە دوای ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی 1970 هاتە کایەوە، هۆکارێك بوو تاکو جۆرێك لە ئازادی نووسین و بلاوکردنەوە بێتە ئاراوە، ئەمەش زەمینەی بۆ نەشو نماکردنی بیرۆکەی لەم شێوەیە لە ناو ڕۆشنبیرانی کورددا ڕەخساند.

هێندەی نەبرد دوای بلاوبوونە وەی بانگەوازەکە، ژمارەیەکی بەرچاو لە شاعیرانی کورد نە ک هەر لە شاری بە غدا بەڵکو لە کوردستانیشەوە، کە وتنە ژێر کاریگە ریی تە وژمەکە و لە سەر هە مان ڕێباز بە رهەمە ئەدەبییەکانیان بلاودەکردەوە. بەم پێیەش بانگەوازەکە، ئەم کاردانەوانەی بە دوای خۆیدا هێنا:

1-شاعیرانی نەوەی پێشوو، بەتایبەت ئەوانەی بە ڕێبازی کۆن (کلاسیك) دەیاننووسی، کەوتنە ڕەخنەگرتن لە بانگەوازەکە بە کارێکی هەرزەکارانەیان لە قەڵەم دەدا(چاوپێکەوتنلەگەڵ**کاکە مەم بۆتانی** 2016/10/22).

2- دەستەی شاعیرانی کفری (مەبەست لە شارۆچکەی کفری سە ر بە پارێزگای کەرکوکە)، وەك لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی، کەوتنە توانج و ڕەخنەگرتن لە بانگەوازی ڕوانگە و پێیان وابوو ئەو کارەی ڕوانگەییەکان، لە بنەڕەتدا ئەوان خاوە نی بوونە و لە پێشوودا بیریان لە ڕاگەیاندنی بانگە وازێکی لە م شێوە یە لە شیعر و ئە دەبیاتی کوردییدا کردۆتەوە، بانگەوازی ڕوانگە بە سوود وەرگرتن لە بیرۆکەکەی ئەوان ڕاگەیاندراوە. تەنانەت دەیانگووت ڕۆشنبیرانی ڕوانگە دەستیان بەسەر سەرجەم ڕۆژنامە و بلاوکراوە کاندا گرتووە ، ناهێڵن ئە وان بانگە وازی خۆیان بلاو بکە نەوە (بەرزنجی، 2008، ل62-63). لەتیف هەڵمەت لە دیدارێکییدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (هاوکاری)ی ساڵی 1971 ئاماژە بەوە دەکات: (لە ئەنجامی هەستکردنی لاوەکان بە دواکەوتنی هۆنراوەی کوردی، یاخیبوونێك پەیدا بوو، بۆ دۆزینەوەی تازەتر، وە ئەوانەی کە بە تەواوی بە یاخیبوویان دابنێم، چەند ناوێکن ئە توانین ئەنوەر شاکەلی و عە بدولسەلام محەمەد و خۆم (دەستەی کفری-ت) بخەینە سەرەتای ئەوانە)(**"هاوکاری"**، ژ(44)، 1971/12/4).

3-هەندێ لەوانەی لایەنگری بیروباوەڕی چەپ بوون، کە بەشێکیان سەر بە باڵی پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی بوون، ڕەخنەیان لە بانگەوازی ڕوانگە گرت و بە (بۆرژوازی بچووك-وردە بۆرژوا) پێناسەیان دەکردن، واتە لە نێو چینی کرێکاران و بۆرژوازی گەورەدا دەخولێنەوە(چاوپێکەوتنلەگەڵ**کاکە مەم بۆتانی** 2016/10/22).

4-لە قۆناغێکی دیکە دا، هە ندێ لە خەڵکانی ناحاڵی لە پەیامی بزووتنە وەکە، کە وتنە دژایەتی بە رامبەر ڕۆشنبیرانی ڕوانگە، ئەوان پێیان وابوو کە بزووتنەوەکە یاخیبوونێکە بەرامبەر بە پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە، کە ئایین بەشێکی ئەو پیرۆزییانە پێك دە هێنێت، ئە م دژایە تییە دوای بلاوبوونەوەی بانگە وازی (قەڵەمە نەترسەکان)-کە دواتر لێی دە دوێین- زیاتر بوو.

5- ڕوویەکی دیکە ی دژایەتییکردنی بانگەوازەکە، زەقکردنەوە و گەورەکردنی ئەو کەموکوڕییانە بوو، کە لە بەرهەمی شاعیر و ڕۆشنبیرانی لایە نگری ڕوانگەدا هەبوو. بۆ نم وونە گەنجێك کە تازە دەهاتە نێو جیهانی نووسینە وە، تازە ئەزموون بوو، لە ژێر کاریگەریی ڕوانگەدا دەینووسی، هەر هەڵە و ناتەواوییەك لە نووسینەکەی هەبووایە لە سەر ڕوانگە هەژماریان دەکرد. لە کاتێکدا ئەوان نەدەهاتن بەرهەمی نووسەرە دیار و ناسراوەکانی ڕوانگە بەسەر بکەنەوە و ڕەخنەی لێ بگرن (هاوکاری، ژ(13)،1971/4/10؛ ژ(17)،1970/5/9؛ ژ(22)، 1970/6/13؛ ژ(16)، 1971/5/1؛

ژ(21)، 1971/6/26؛ ژ(39)،1971/10/30؛ ژ(111)، 1972/4/8؛ ژ(125)، 1972/7/15؛ ژ(125)، 1972/7/15).

سەرەڕای ئەوانە، ڕوانگە وەك دەنگێكی تازەی نێو ئەدەبیی كوردی توانی كاریگە ریی خۆی جێبهێڵێت و بە رگێكی تازە بە بەر جموجۆڵی ئەدەبی كوردییدا بكات، گرنگترین كاریگەرییەكانیشی لەم خالانەی خوارەوە دەردەكەوێت:

1-بەشی زۆری ئە م ڕە خنانەی لە ڕوانگەییەكان دە گیران، لە گۆڤار و ڕۆژنامە كانی ئە و سە ردەمەدا بە تایبەت لە ڕۆژنامەی (هاوكاری)یدا لە نێوان سالانی(1970-1972)دا بلاودەكرانەوە، لەلایەن لایەنگرانی ڕوانگەشەوە وەلامی ئەو ڕەخنانە دەدرایەوە و هە وڵ دە درا زیاتر پە یامی بانگە وازەكە بۆ ڕۆشنبیران و خوێنە ران ڕوون بكرێتە وە. ئەمەش مشتومڕێكی گە رمی لە نێوان یاران و نە یارانی ڕوانگەدا لێ كە وتبۆوە. كە دواجار ئەم مشت و مڕە لە بەرژەوەندی ئەدەبیی كوردییدا شكایە وە. چونكە ئەو وتار و ڕە خنانەی بلاودە كرانەوە، گە لێ نموونە ی تازە یان بە ئەدەبی جیهانی دەهێنایەوە و لەگەڵ ئەدەبی كوردیی ئە و قۆناغەدا بەراوردییان پێ دە كرا، ئەمەش وایدەكرد خوێنەران لە تەك ئامانجە سەرەكییەكەدا، بەو گفتوگۆ ئەدەبییانە سوودمەند بن(**"هاوكاری"**، ژ(7)، 1971/2/27).

2-ڕۆشنبیران و لایەنگرانی ڕوانگە كۆدەبوونەوە و جەختیان لەسەر بنەما و ئامانجەكانی بانگەوازەكە دەكردەوە. وەك ئەو كۆبوونەوەیەی لە سەرەتاكانی ساڵی 1971دا لە شاری بەغدا ئەنجامیان دا، لەوێ هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر سیاسەت و یەكێتی ئایدۆلۆژییەت و كەلەپووری كوردی و ئاراستە ی نووسین و دە زگای كۆڕی زانیاری كورد و یە كێتی نووسەران دەربڕیوە، دواتر دەقی كۆبوونەوەكەیان بلاوكردۆتەوە(**"هاوكاری"**، ژ(17)، 1971/5/8).

3- بەرگریكردن لە نووسەر و ڕۆشنبیرانی كورد (بەتایبەت نوێخوازەكان)، بەرامبەر هەر هێرشێك بكرێتە سەریان بە پاساوی جیاواز، وەك ئەو پشتگیرییەی لایەنگرانی ڕوانگە لە نووسەرێكی شاری سلێمانیان كرد بە ناوی جەمال شاڵی كە لە ساڵی 1971دا نامیلكەیەكی چاپ كردبوو، لەوێدا ڕەخنەی لە هەندێ دیاردەی نەرێنیی ناو كۆمەڵگەی كوردی گرتبوو، بەلام لەلایەن هەندێ خەڵكەوە ڕەخنەی توندی لێ گیرا. لایەنگرانی ڕوانگە لە ڕێگەی بانگەوازێكەوە لە ژێرناوی قەڵەمە نەترسەكان یەكگرن، كە لە ڕۆژنامە ی (هاوكاری)دا بلاویان كردە وە، پشتگیری خۆیان بۆ ئە و نووسە رە دەربڕی و ڕەخنەیان لەو خەڵكانەش گرت كە بە پاساوی ئایینی و نەریتپارێزی هێرشیان كردبووە سەری. ئەم بانگەوازە كاردانەوەی توندی لێكەوتەوە، تەنانەت بووە هۆكاری وەستانی ڕۆژنامەی (هاوكاری) بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێك، واتە لە ڕێكەوتی (1971/5/8) تاكو (1971/6/19) (عباس، 2001، ل106-120).

3-دەركردنی سێ ژمارەی گۆڤاری (ڕوانگە/ 1971-1972)، لە ژێر دروشمی (وتەی نوێ، بیری نوێ، كرداری نوێ)، یەكێكی دیكە بوو لە هەنگاوەكانی دە ستەی ڕوانگە، كە بابەت و دە قەكانی لە گۆڤارەكەدا بلاودە كرانەوە، گوزارشتی تەواویان لە ئامانجەكانی بانگەوازی ڕوانگە دەكرد، لە ڕووی شێوە و ناوەرۆكەوە، پابەند بە هەمان ڕێباز بوون، ئە مە وێڕای ئە و دە قانەی لایە نگرانی ڕوانگە بەم شێوە تازە ئەدەبییە لە گۆڤار و ڕۆژنامە كانی ئە و سە ردەمەدا بلاویان دەكردەوە، تە رزێكی تازە ی بە جموجۆڵی ئە دەبیی كوردی بە خشی بوو (چاوپێكەوتنلەگەڵ**كاكە مەم بۆتانی** 2016/10/22).

ئەگەرچی گۆڤاری (ڕوانگە) و ڕەوت و چالاكیی دەستەی ڕوانگە تا ساڵی 1972 بەردەوام بوو، بەلام كاریگەرییان بەسەر ئەدەبی كوردی هەر مایەوە، دەیان نووسەری كورد لە شاری بەغدا و كوردستانەوە، بە درێژایی قۆناغەكانی دواتر بە هەمان ڕێچكە و ڕێباز بەرهەمە ئەدەبییەكانیان بلاودەكردەوە.

لە قۆناغی پێنجەمدا 1974-1975، گوڕوتینی جموجۆڵیی ئە دەبی كوردی لە شاری بە غدا، بە هۆی ئاڵۆزبوونەوەی باری سیاسی وولات و هە ڵگیرسانەوەی شۆڕشی كورد ڕووی لە سستی كرد . ئەگەرچی بە شێكی زۆری گۆ ڤار و

ڕۆژنامەکان لە دەرچوون بەردەوام بوون، بەلام ئاستی نووسین تێیاندا بە بەراورد بە قۆناغی پێش خۆی لاواز تربوو، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیرانی کورد شاری بە غدایان جێهێشت و ڕوویان لە شاخ کرد. یەکێتی نووسەرانی کورد و کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی داخران و ئەو ناوەند و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییە کوردییانەی مابوونەوە، خۆیان و بلاوکراوە کانیان، کەوتنە ژێر چاودێری دە زگا ئەمنییەکان و وە ك پێشوو چالاکی ڕۆشنبیرییەکانیان بەردەوام نەبوو.

دیارترین سیماکانی ڕۆشنبیریی ئەو قۆناغە ئەمانە بوون:

1-دەرچوونی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی وەك (بەیان) و (هاوکاری) و (ڕۆشنبیری نوێ) و (کۆڕی زانیاری کورد) و (ڕۆژی کوردستان)، کە بەردەوام بوون لە بایەخدان بە بواری ئەدەبی، بەلام بەشێك لەوانە ئەو ئازادییەی لە نووسین و گوزارشتی نەتەوەیی لە پێش شۆڕش هە یانبوو، کاڵ بووە وە، لە هەندێ لاپەڕەی تایبەتدا گوزارشتیان لە سیاسەتی حکومەت دەکرد (îîîî).

2-دوای دەستپێکردنەوەی شۆڕش (1974)، کەسانێك لە دەزگا و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی کوردی وەك کۆڕی زانیاری کورد و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریی کوردی و دەزگای هاوکاری هێنرانە پێشەوە، ڕابردوویکی ئەوتۆیان لە بواری نووسین و ئەدەبییدا نەبوو، تەنها ئەوە نەبێ کە لە بەرەی هاوپەیمانێتی بەعس دابوون، ئەمەش لە سەر سست بوونی کارەکانی ئەو دەزگایانەدا ڕەنگی دایەوە. هەروەها ڕادیۆی کوردیی بە غدا، نەیتوانی بە هەمان هێزوگوڕتینی جارانەوە گۆشە و بەرنامە ئەدەبییەکانی درێژە پێبدات، ئەمەش دیسان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە کە بەشێك لەو ڕۆشنبیرانەی لەو بوارە لە ڕادیۆ خزمەتیان دەکرد، دابوویانە شاخ، یاخود بە هۆکاری سیاسی، وازیان هێنابوو .بەم شێوەیە دەکرێ بڵێین جموجۆڵە ئەدەبییەکە لە ڕێگەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانەوە مابووەوە، بەلام بە بەراورد بە قۆناغی پێش خۆی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە سستی پێوە دیاربوو. دوای نسکۆی شۆڕش (1975)، ئەگەرچی بەشێك لە ڕۆشنبیران و نووسە رانی کورد گە ڕانەوە شاری بە غدا، بەلام بە هۆی سە ختی دۆخە سیاسییەکە و چاودێری دە زگا ئەمنییەکانەوە، نەیاندەتوانی بەهەمان گوڕوتینی جارانەوە کاربکەن(چاوپێکەوتنلەگەڵ **عەبدوڵلا عەباس** 2017/2/19).

**ئەنجام:**

١. شاری بەغدا هەر لەگەڵ دروستبوونییدا، بۆتە پێگەیەکی گرنگی سیاسی و ئابووری، کوردان بە مەبەستی ڕاییکردنی کارەکانی ژیانیان ڕوویان تێکردووە، تەنانەت دوای نیشتەجێبوونیان ڕۆلی گرنگییان لە بوارەکانی سەربازیی و کارگێڕیی و ئابووری و زانستیی تێیدا گێڕاوە. دواجاریش بۆتە یەکێک لە پێگەکانی بزاڤی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی .

٢. ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق، بە تایبەت لە نێوان سالانی (1958-1975)دا، کاریگەری گەورەیان بەسەر بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی دروست کردووە، شاری بەغدا کە یەکێك لە پێگە سەرەکییەکانی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی بووە، لەم کاریگەرییە بەدەر نەبووە، ئەم ماوەیەش لە شارەکەدا(1958-1975)، بە پێی کاریگەریی ڕووداوە سیاسییەکان بۆ سەر بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی، بۆ سەر شەش دابەش دەبێت، کە ئەمانەن : قۆناغی یەکەم: ١٩٥٨-١٩٦١، قۆناغی دووەم: ١٩٦١-١٩٦٣،قۆناغی سێیەم: ١٩٦٣-١٩٦٧، قۆناغی چوارەم: 1967-1970، قۆناغی پێنجەم: ١٩٧٠-١٩٧٤،قۆناغی شەشەم: ١٩٧٤-١٩٧٥.

٣. شۆڕشی چواردەی تەمووزی 1958، کاریگەریی لەسەر بواری ئەدەب (شیعر و چیرۆك)یشدا دروست کرد، ئە و کرانەوە سیاسییەی بە هۆی شۆڕشەوە لە بەردەم نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورددا فە راهەم بوو لە لایەك و دە رچوونی

ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامە و بلاوکراوە بە زمانی کوردی و زۆربوونی چاپە مەنییە کوردییەکان لە لایەکی دیکەوە، دەرگایەکی تازەیان لە بەردەم گەشەسەندنی بواری ئەدەبییدا کردەوە.

٤. لە نێوان ساڵانی (1961-١٩٧٠)دا، بەهۆی لە ئارادابوونی شۆڕشی کورد و کزبوونی بزاڤی ڕۆژنامە گەریی و چاپەمەنیی کوردی، بواری ئەدەبیش دووچاری لاوازی و وەستان هاتەوە، هەندێ بەرنامەی ڕادیۆی کوردیی تایبەت بە ئەدەب و بلاوکردنەوەی شیعری کوردی، هەندێ بڵاوکراوەی کوردی لێ دەرچێت، بایەخ پێدانێکی ئەوتۆ بە ئەدەبیاتی کوردی ئەو قۆناغەدا نابیندرێ.

٥. لە نێوان ساڵانی 1970-1974، باری ئەدەبیی کوردی وەك سەرجەم بوارەکانی دیکە، لە ڕووی ناوەرۆك و هونەریی نووسینەوە، گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کانی ئەو ماوەیە وەك (هاوکاری) و (برایەتی) و (ڕۆشنبیریی نوێ ) و (بەیان) و (ڕۆژی کوردستان ) و (نووسەری کورد )، بایە خی تایبە تیان بە بلاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبیی کوردی داوە، ئەمە وێرای جموجۆڵی ئەدەبییانەی کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان و ڕێکخراوەکانی توێژە کۆمەلایەتییەکانی وەك (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی) و (یەکێتی نووسەرانی کورد) و (کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی-لقی بەغدا) و ڕێکخراوەکانی (قوتابیان و لاوان و مامۆستایان و ئافرەتان). هەریەك لە (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی) و (یەکێتی نووسەران) لە ماوەی نێوان سالانی (1970-1974)دا، دەیان چالاکیی ئەدەبییان لە شاری بەغدا ئەنجام داوە. هەر لە کۆڕی شیعری و کۆڕی چیرۆك خوێندنەوە بگرە، تا دەگاتە ڤیستیڤاڵی شیعری و پیشبڕکێی چیرۆکی کوردی و خەلاتکردن و هاندانی ڕۆشنبیرانی کورد و هەماهەنگی ئەدەبییانە لەگەڵ ناوەند و دەزگا ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەکانی شارەکەدا.

٦. لە نێوان ساڵانی 1974-1975، گوڕوتینی ئەدەبی کوردی لە شاری بەغدا، بەهۆی تێکچوونی باری سیاسی ولات و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی کورد ڕووی لە سستی کرد. ئەگەرچی بەشێکی زۆری بڵاوکراوەکان لە دەرچوون بەردەوام بوون، بەلام ئاستی نووسین تێیاندا بە بەراورد بە قۆناغی پێش خۆی لاواز تربوو، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیرانی کورد شاری بەغدایان جێهێشت و ڕوویان لە شاخ کرد. یەکێتی نووسەرانی کورد و کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی داخران و ئەو ناوەند و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییە کوردییانەی مابوونەوە، خۆیان و بلاوکراوەکانیان، کەوتنە ژێر چاودێری دەزگا ئەمنییەکان و وەك پێشوو چالاکی ڕۆشنبیرییەکانیان بەردەوام نەبوو.


**<u>*کتێب:</u>**

**<u>بە زمانی کوردی:</u>**

- ئاریان ئیبراهیم محەمەد، ڕۆژنامەی برایی-برایەتی (1967-1974) ڕۆڵی لە پێشخستنی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا، هەولێر، 2005.

- ئۆمەر، ئەحمەد حەمەدئەمین، ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا 1925-1958، هەولێر، 2007.

- ئەحمەد، کەریم ، ڕێرەوی تێکۆشان، و:جەلال دەباغ، سلێمانی، 2006.

-بەحرکەیی، مەلا تاهیر مەلا عەبدوڵلا، مێژووی زانایانی کورد، ب1، هەولێر، 2010.

بەرزنجی، عەلی تاهیر (دکتور)، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، سلێمانی، 2008.

- تۆفیق، زرار سدیق (دکتۆر)، کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامییدا، چ3، هەولێر، 2012.

-حوسێن، هیمدادی (دکتور)، بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی هەفتاو هەشتاکانی هەولێر، کەرکوك، 2011.

- حەیدەری، مومتاز و ئەوانیتر، قامووسی ناوەنەمرەکان، ب1، هەولێر، 2014.
- خەزنەدار، مارف (دکتۆر)، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب3، هەولێر، 2010.
-___________________، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب4، هەولێر، 2010.
- خەیلانی، ئەسعەد، دەفتەری بیرەوەرییەکانی هەڵدەداتەوە، ئا: نزار خەیلانی، هەولێر، 2014.
- ساڵح، ڕەفیق و ئەوانیتر، دیاری کوردستان (1925-1926)، سلێمانی، 2001.
- عباس، عبدالله، ئاوەها دەرگام کردەوە-یادداشتی 30 ساڵ لە ڕۆژنامەنووسی کوردییدا (1961-1991)، بەغدا، 2001.
-کاکە سوور، محەمەد عەبدوڵلا، ڕۆلی سیاسی و کەلتوریی ئەفسەرانی کورد لە بزاڤی کوردایەتی کوردستانی باشووردا (1921-1945)، چ1، هەولێر، 2000.
-مام جەلال، دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ب1، ئا: سەلاح ڕەشید، سلێمانی، 2017.
-نەجاڕ، هۆشەنگ ساڵح، بزاڤی ڕۆشنبیریی لە شاری هەولێر (1958-1975)دا، هەولێر، 2016.
- نەریمان، مستەفا سەیید ئەحمەد، ببلیۆگرافیای کتێبی کوردی 1787-1975، بەغدا، 1977.
-_____، مستەفا، ببلیۆگرافیای ڕۆژنامەی هاوکاری سالانی 1970-1974، ب1، بەغدا، 1989.
- _____، مستەفا، بیرەوەرییەکانی ژیانم، بەغدا، 1994.

**به زمانی عەرەبی:**

-الالوسي، سالم، رحلة نيبور الكاملة الى العراق، الوراق للنشر،ط1، بيروت، 2012.
- بابان، جمال، اعلام كرد العراق، ج1، سليمانية، 2006.
- بغدادي، عباس، بغداد في العشرينات، تقديم: عبدالرحمن منيف، بيروت، 1998.
-جامعة بغداد، دليل جامعة بغداد 1959-1960، بغداد، 1960.
-. الحيدري، صالح، مختارات من مذكرات صالح الحيدري، سليمانية، 2004
-الخياط، جعفر، مشاهدات جون اشر في العراق، في الكتاب: رحالة اوروبيون في العراق، بيروت، 2007.
-دوبريه، ادريان، رحلة دوبريه الى العراق (1807-1809)، ت: بطرس حداد، بيروت، 2011.
- رؤوف، عماد عبدالسلام (الدكتور)، صفاءالدين عيسى البندنيجي حياته واثاره (1788-1866)، اربيل، 2009.
-العلوي، زكي جعفر الفيلي، تاريخ الكرد الفيليون و افاق المستقبل، ط1، بيروت، 2009.
فوسيل، بيير دي، الحياة في العراق منذ القرن 1814-1914، ت: اكرم فاضل (الدكتور)، بغداد، 1968. -
- الفيلى، نجم سلمان مهدى، الفيليون/تاريخ قبائل وانساب. فلكلور. تراث القومى، راجعه: جرجيس فتح الله، اربيل، 2009.
- محمد، خليل اسماعيل (الدكتور)، الكرد الفيليون بين حملات التسفير وسياسه التعريب، اربيل، 2005.
- النجار، جميل موسى، الادارة العثمانية في ولاية بغداد (من عهد الوالي مدحت باشا الى نهاية الحكم العثماني 1869-1917، القاهرة، 1991.

*** وتارو بابەتە بلاوکراوەکان:**

**- بە زمانی کوردی:**

- بابان، جەمال، مێژوویەکی لەبیرکراوە_کۆمەڵەی لاوان، "ڕۆشنبیری نوێ"، ژ(39)، 1975/2/21.

- تۆفی، موسەدەق، پەیڤەکا وەفاداریێ دچلینیا سەیدایێ نڤیسکار و ڕۆژنامەڤان (حافز قازی)دا، "ڕۆژنامەنووس"، ژ(20)، 2010.

- زانا، خانەکانی بەغدا لە سەدەی نۆیەمەوە تا سەدەی بیستەم، "ڕۆشنبیری نوێ" (گۆڤار)، بەغدا، ژ(82)، 1980.

- نەریمان، مستەفا، ببلیۆگرافیای بەیان 1969-1982، "بەیان"، ژ(92)، تشرینی دووەمی 1983.

**-بە زمانی عەرەبی:**

-- عبدالسلام، عماد (الدكتور)، التكية الخالدية في بغداد، ئەكاديمي (گۆڤار)، هەولێر، ژ(13)، کانوونی یەکەم2009.

- محمود، محمد عبدالواحد (الدكتور) و كامل، جودت جلال (الدكتور)، كلية الاداب نواة لجامعة بغداد دراسة في صفحة من تاريخ التعليم العالي في العراق المعاصر، "**اداب الفراهيدي**" (المجلة)، تكريت، العدد(17)، كانون الاول 2003.

*** نامەی زانکۆیی:**

محمد، ڕۆژگار عبدالرحمن، ڕۆڵی وە زیرە کوردەکان لە حکومەتە عێراقییەکانی سەردەمی پاشایەتی دا (1945-1958)- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2014.

*** گۆڤارو رۆژنامەکان:**

**-بە زمانی کوردی:**

-"**ئەدیبی عێراقی**" (گۆڤار)، بەغدا، ژ(1)، گەلاوێژی 1961.

-"**پێشکەوتن**"، (گۆڤار)، بەغدا، ژ(20)، 1958/8/9؛ ژ(110)، 1960/4/24).

-"**توتن**" (گۆڤار)، بەغدا، ژ(1-2)، ساڵي5، ئاياري 1969؛ ژ(٣)، کانوونی یەکەمی 1969، ل٥٨).

**-"دەنگوباس**" (ڕۆژنامە)، بەغدا، ژ(231)، 1967/2/2؛ ژ(232)، 1967/2/4؛ ژ(233)، 1967/2/5؛ ژ(234)، 1967/2/6؛ ژ(235)، 1967/2/7؛ ژ(236)، 1967/2/11.

**-"روناهی**" (گۆڤار)، بەغدا، ژ(1)،1960؛ ژ(2)، ساڵی2، سەرەتای مایسی 1962؛ ژ(3)، 1960؛ ژ(5-6)، شوبات و ئاداری 1961.

- "**ڕۆشنبیری نوێ** " (بڵاوکراوە)،بەغدا، ژ(24)،1974/7/11؛ ژ(25)، 1974/7/21؛ ژ(26)، 1974/8/1؛ ژ(27)، 1974/8/11.

**-کۆڕی زانیاری کورد** "، بەرگی یەکەم، ب 1، 1973 ؛ ژ(1-2)، بەرگی دووەم، ب 1، 1974؛ بەرگی دووەم، ب 2، 1974.

- "**کۆلێجی ئەدەبیات**" (گۆڤار)، بەغدا، ژ(15)، 1971-1972؛ ژ(17)، 1974؛ ژ(18)، 1974).

"**هاوکاری**"، (ڕۆژنامە)، بەغدا، ژ(15)، 1970/4/25 ژ(17)،1970/5/9؛ ژ(22)، 1970/6/13؛ ژ(7)، 1971/2/27؛ ژ(13)،1971/4/10؛ ژ(16)، 1971/5/1؛ ژ(17)، 1971/5/8؛ ژ(21)، 1971/6/26؛ ژ(39)،1971/10/30؛ ژ(44)، 1971/12/4؛ ژ(111)، 1972/4/8؛ ژ(125)، 1972/7/15؛ ژ(125)، 1972/7/15).

"**هیوا**"،(گۆڤار)، بەغدا، ژ(2)، ئابي 1958 ؛ ژ(3)، ئەيلوولی1958 ؛ ژ(1)، ساڵی 3، تشرينی دووەم 1959؛ ژ(6-7)، ساڵی 2، کانوونی دووەمی 1959؛ ژ (8)، مارتي 1959، ژ (35)؛ ژ (11-12)، حوزەيران و تەمموزی 1959؛ ، ژ(30)، تشرينی يەکەم1960؛ ژ(31)، کانوونی دووەمی 1961.

**بە زمانی عەرەبی:**

-"**الوقائع العراقية**"، ع(1917)، 8ايلول 1970.

*** چاوپێکەوتنی تايبەت لەگەڵ:**

- **عەبدوڵلا ئاگرين** (دکتۆر) لە هەولێر (2016/10/5)، لە ساڵی 1943 شاری سلێمانی لە دايك بووە، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرايە لە ئەدەبيی کوردی (1999)، مامۆستايە لە بەشی کورديی زانکۆی سەلاحەددين-هەولێر و بەردەوامە لە نووسين و کاری ئەدەبی.

- **عەبدوڵلا عەباس** (2017/2/19) لە شاری هەولێر ، ناوبراو ساڵی 1946 لە شاری سلێمانی لە دايكبووە، خوێندنی سەرەتايی لەو شارە تەواو کردووە، ساڵی 1964 چۆتە ڕاديۆی کوردی بەغدا و وەك بێژەر و پێشکەشکاری پرۆگرامەکان دامەزراوە و تا ساڵی 1969 بەردەوام بووە، لە ڕۆژنامەکانی (بروا) و (دەنگوباس) و (هاوکاری) و (برايەتی) و (ئاسۆ) و (عێراق) و گۆڤاری (بەيان) و (ڕۆژی کوردستان) کاری کردووە، ئێستا نيشتەجێی شاری سلێمانييە.

- **عەبدولڕەزاق محەمەد ساڵح-بيمار** (2017/7/13) لە شاری کۆيە. ناوبراو ساڵی 1936ز لە شارۆچکەی کۆيە لەدايك بووە. دەرچووی بە شی کوردی کۆلێژی ئە دەبياتی زانکۆی بە غدايە (1963). هەرلە پەنجاکانەوە هاتۆتە ناو بواری نووسين و ئەدەب و شانۆ. لە يانەی سەرکەوتنی کوردان و ئێستگەی کوردی و بەشێك لە گۆڤار و ڕۆژنامە کورديیەکانی سالانی پەنجاکان و شەستەکان و هەفتاکاندا کاری کردووە، ئێستا لە شاری کۆيە دەژی.

-**کاکە مەم بۆتانی** (2016/10/22) لە شاری هەولێر، ناوبراو ساڵی 1939 لە شارۆچکەی کۆيە لەدايك بووە، پەيمانگای بالای دارستانی لە شاری بەغدا تەواو کردووە (1964). هەر لە پەنجاکانەوە هاتۆتە ناو کۆڕی نووسين و ئەدەبيات، ئێستا سەرۆکی يەکێتی نووسەرانی کوردە لە شاری هەولێر دەژی.

- **کاميل ژير** (2017/4/23) لە شاری سلێمانی. ناوبراو لە ساڵی 1934 لە شاری سلێمانی دايك بووە. دەرچووی کۆلێژی مافی زانکۆی بەغدايە (1966) هەر پەنجاکانەوە هاتۆتە ناو بواری نووسين و لە شاری بەغدا لە بواری ڕۆژنامەنووسی کاری کردووە، ئێستا لە شاری سلێمانی نيشتەجێيە.

-**کوردستان موکريانی** (دکتۆر) (2016/10/6) لە شاری هەولێر، ناوبراو ساڵی 1948 لە شاری هەولێر لەدايك بووە، ساڵی 1968 بەشی کوردی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە، ساڵی 1977 بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردی لە ولاتی سۆڤيەت وەرگرتووە، دوای گەڕانەوەی، بۆتە سەرۆکی بەشی کوردی زانکۆکانی سلێمانی و سە لاحەدين، ئێستا لە شاری هەولێر دەژی.

- **مومتاز حەيدەری** (2016/10/1) لە شاری هەولێر، ناوبراو لە ساڵی 1937 لە شاری هەولێر دايك بووە، لە شەستەکان و هەفتاکاندا لە شاری بەغدا لە بواری ڕۆژنامەنووسی کاری کردووە، ئێستا لە هەولێر خەريکی کاری ڕۆژنامەوانييە.

-**مستەفا ساڵح کەريم** (2017/4/24) لە شاری سلێمانی، ناوبراو ساڵی 1933 لە شاری سلێمانی لە دايك بووە، دەرچووی خانەی مامۆستايانە لە شاری بەغدا (1951)، ڕۆڵێکی دياری لە بواری پەروەردە و ڕۆشنبيريی کورديدا گێڕاوە، ئێستا لە کاری ڕۆژنامەنووسيدا بەردەوامە و لە شاری سلێمانی دەژی.

**پەراوێز:**

(î) هەندێکی لەوانەی خوێندنیان لە ئەستەنبۆڵ تەواوکردبوو ، دواى گەڕانەوەیان، لە کوردستان نیشتەجێبوون و نەچوونە شارى بە غدا، وەك: مستەفا پاشا یامولکی (1866-1936)، حاجى تۆفیق پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠)، ڕەشید کابان (1876-1940)، جەمال عیرفان (1881-1923) و ساڵح قەفتان (1885-1968).

(îî) بەو کوردانە دەڵێن کە شێوەزارى قسەکردنیان لووڕییە. شوێنی دانیشتنیان بۆ دوو ناوچە دابەش دەبێت: پێشکۆ کە خوڕەم ئاباد و بروجە رد و کوهە دەشت دەگرێتەوە، پشتکۆش، لە بەشی ئێراندا، ئیسلام ئاباد، گە یلان غەرب، سەرپێل زەهاو، قە سرشیرین، سۆمار، ئیلام، کە رەند، مهران و دە رەشیر دەگرێتەوە. لە بەشی عێراقیشدا، خانە قین، جەلەولا، شەهرەبان، قزلەربات، قزانیە، مەندەلی، بەدرە، جەسان، زرباتیە، عەلی غەربی، شێخ سەعد، کووت و حەی دەگرێتەوە. (محمد، 2005، ص5). یەکێك لەو کێشانەی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، دووچاری کوردانی فەیلی هاتۆتەوە، پێدانی ڕەگەزنامەی عێراقی بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر لە سەرەتاوە هەوڵێك لە ئارادابووە، بۆ وەدەرنیان و تەعریب کردنی ناوچەکە. بە پاساوی ئەوەی ئەوان خۆیان خەڵکی ناوچەکەنین، لە ئێرانەوە هاتوون و دەبێ بۆ ئەو شوێنە بگەڕێنەوە. (الفيلي، 2009، ص16-17).

(îîî) لە ژێر بانگەوازەکەی ڕوانگەدا لەتەك ئەم پێنج کە سەدا ناوی (کەمال ڕەئووف محەمەد)یش هاتووە، کاکە مەم بۆتانی هۆکاری ئەمە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کەمال ڕەئوف ئەوکاتە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)یدا کاری کردووە ، بۆئەوەی بانگەوازەکەیان لە ڕۆژنامەکەدا بۆ بلاوبکاتەوە، ناوی ئەویشیان خستۆتە ناوی. (چاوپێکەوتن لەگەڵ **کاکە مەم بۆتانی** 2016/10/22).

(îîîî) بە سەیرکردنی ناوەرۆکی بابەتی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو کاتە ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، تەنانەت سەر وتارەکانی بەشێکیان گوزارشت بوون لە ئاراستەی سیاسەتی لایەنێکی دیاریکراو.

## REFERENCES


Abbas, A. (2001). Memories of 30 years of Kurdish journalism, 1961-1991. Baghdad.

Abdul Salam, I. (2009). Al-Takiya al-khalidiya in Baghdad. The academy of sciences, 13. Erbil.

Adrienne, D. (2011). Trip to Iraq, 1807-1809. Beirut.

Al-Alawi, Z. (2009). History of the Faili Kurds and the future of horizons. Beirut.

Al-Haidari, S. (2004). Selection of notes. Sulaymaniyah.

Alussi, S. (2012). The complete Nippur journey to Iraq. Al-Warraq Publishing. Beirut.

Amin, A. (2007). Kurdish members in the Irai parliament during the royal era, 1925-1958. Erbil.

Baban, J. (2006). Iraqi Kurdish famous men. Sulaymaniyah.

Baban, J. (1975). Forgotten history-youth association. Roshinbiri new, 39.

Baharkaiy, T. (2010). History of Kurdish shcolars (Vol. 1). Erbil.

Barzinji, T. (2008). The impacts of Rwanga in the novelty of Kurdish poetry. Sulaymaniyah.

Fayli, N. (2009). History of tribes' origins and folklore. National Heritage. Erbil.

Fossil, P. (1968). Life in Iraq between 1814 and 1914. Baghdad. (Fade, A, Trans.). Baghdad.

Haydari, M. (2014). Dictionary of immortal names (Vol.1). Erbil.

Himdadi, H. (2011). Rwanga movement and its impacts on the poets of the city of Erbil in the seventies and eighties. Kirkuk.

Jelal, M. and Rashid, S. (2017). Memories: from childhood to the republican palace. Sulaymaniyah.

Kakasur, M. (2000). The role of Kurds' political and cultural oppressors in Southern Kurdistan, 1921-1945. Erbil.

Karim, A. & Debagh, T. (2006). The struggle. Sulaymaniyah.

Khailani, A. (2014). Memories.

Khayat, J. (2007). John Arthur's views in Iraq through the book of "Europian travelers in Iraq". Beirut.

Khaznadar, M. (2010). History of Kurdish literature (Vols. 3-4). Erbil.

Mohammed, E. (2005). Brayeti newspaper 1967-1974. Erbil.

Mohammed, K. (2005). The Faili Kurds between the campaigns and politics of torture. Erbil.

Mohammed, M. & Jawdat, K. (2003). Faculty of arts nucleus of Baghdad University. Adab-Al-Farahidi, 17.

Mohammed, R. (2014). Role of kurdish ministers in the royal government of Iraq, 1945-1958. Salahaddin University.

Najjar, J. (1991). The Ottoman administration in the state of Baghdad, from the reign of Wali Medhat Pasha to the end of Ottoman authority, 1869-1917. Cairo.

Najar, H. (2016). Intellectual movement of Erbil, 1958-1975. Erbil.

Nariman, M. (1977). Bibliography of Kurdish books, 1787-1975. Baghdad.

Nariman, M. (1989). Bibliography of Hawkari newspaper, 1970-1974. Baghdad.

Nariman, M. (1994). Memories. Baghdad.

Raouf, A. (2009). Safa Al-din Issa Al-Bandaji; His life and antiquities, 1788-1866. Erbil.

Salih, R. (2001). Diari Kurdistan, 1925-1926. Sulaymaniyah.

Siddiq, T. (2012). Kurd and Kurdistan during the Islamic caliphate era. Erbil.

Tovee, M. (2010). Word of loyalty in memory of Hafiz-Al-Qazi. Rojname nws, 20.

Zana, X. (1980). At Baghdad in the nineteenth to twentieth centuries. Roshinbiri new, 82.

**Magazines and Newspapers**

Adibi Eraqi (magazine), Baghdad, V:(1), july1960.

Al-wqaeeh Al-Iraqie, V:(1917), September 1970.

Deng u bas (Newspaper), Baghdad, V:(231), (232),(233), (234),(235),(236), February1967.

Hawkari (Newspaper), Baghdad, V(15),April 1970, V:(17), May 1970, V:(22) June1970, V:(7), February 1971, V(13) April 1971, V:(16), V: (21)May 1971, V:(39) October 1971, V:(44) September 1971, V:(111) April 1971, V: (125) July 1972.

Hiwa (magazine), Baghdad, V:15, V: (2) August1958, V:(3) September 1958, V:(1) November 1959, V: (6-7) November 1959, V:(8) March 1959, V: (11-12) June and July 1959, V:(30) October 1960, V:(31) January 1961.

Koleji Edebiat (magazine), Baghdad, V:15 1971-1972, V:17 1974, V:18 1974.

Kori zaniary kurd (magazine), Baghdad, V:(1) 1973, V:(1-2) 1974.

Nariman, M. (1983). Bibliography of Bayan magazine, 9.

Peshkewtn (magazine), Baghdad, V:(20), September 1958, V:110, April1960.

Ronahee, (magazine), Baghdad, V: (1) 1969, V:(2) july1960, V:(3) 1960, V:(5-6) 1961.

Roshnbiri nwe (magazine), Baghdad, V:(24), (25) july 1974, V:(26),(28) Augest 1974.

Twtn (magazine), Baghdad, V:1-2, May 1969, V:3, Desember1969.

**Interviews**

Abdullah,A. (2016,October 5 ). Personal interview.

Abdullah,A.(2017, Febrwary 19). Personal interview.

Abdulrezaq,B. (2017,July 13) . Personal interview.

Kake mem,B. (2017,October 22) . Personal interview.

Kamil, Z. (2017,April 23). Personal interview.

Kurdistan,M. (2016,October 6) . Personal interview.

Momtaz, H. (2016,October 1) . Personal interview.

Mustafa,S. (2017, April 23) . Personal interview.